# تحليل جغرافي لأشكال سطح الأرض في قضاء عقرة وأهميتها السياحية "المشكلات والحلول

م.م. محمد رمضان شين
جامعة عقرة للعلوم التطبيقية كلية التربية
mohammed.ramazan@auas.edu.krd

م.م. نيچيرڤان خيرالدين عبدالهادى
جامعة عقرة للعلوم التطبيقية كلية التربية
nechirvan.khairadin@auas.edu.krd

م.م. هلكفت صادق طيب
جامعة عقرة للعلوم التطبيقية كلية اينفورماتيك
halkaft.sadeq@auas.edu.krd

**الكلمات المفتاحية**: قضاء عقرة ، السياحة ، الجبال ، الكهوف ،الشلالات ، المشكلات والحلول

**كيفية اقتباس البحث**

شين , محمد رمضان , نيچيرڤان خيرالدين عبدالهادى, هلكفت صادق طيب, تحليل جغرافي لأشكال سطح الأرض في قضاء عقرة وأهميتها السياحية "المشكلات والحلول, مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آب ٢٠٢٦, المجلد:١٦, العدد:٨ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**Registered مسجلة في**
**ROAD**

**Indexed مفهرسة في**
**IASJ**

تحليل جغرافي لأشكال سطح الأرض في قضاء عقرة وأهميتها السياحية "المشكلات والحلول

**A Geographical Analysis of Landforms in Akre District and Their Tourism Significance: Challenges and Solutions"**

**Assist. Lect. Mohammed Ramadan Sheen**
**Aqra University of Applied Sciences, Faculty of Education**
mohammed.ramazan@auas.edu.krd

**Assist. Lect. Nechirvan Khairadin Abdulhadi**
**Aqra University of Applied Sciences, Faculty of Education**
nechirvan.khairadin@auas.edu.krd

**Assist. Lect. Helkaft Sadiq Tayib**
**Aqra University of Applied Sciences, Faculty of Informatics**
halkaft.sadeq@auas.edu.krd

**Keywords** : Akre District, Tourism, Mountains, Caves, Waterfalls, Challenges and Solutions.

**How To Cite This Article**
Sheen , Mohammed Ramadan , Nechirvan Khairadin Abdulhadi ,Helkaft Sadiq Tayib , A Geographical Analysis of Landforms in Akre District and Their Tourism Significance: Challenges and Solutions" ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, August 2026,Volume:16, Issue 8.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

## Abstract
This research highlights the geomorphological assessment for tourism development in Akre District, aiming to identify the natural potential of

landforms and the obstacles hindering the growth of the tourism sector in the region. Due to its geographical location in mountainous areas with elevations ranging from 228 to 1926 meters above sea level, Akre District possesses a rich geomorphological diversity. This is evident in mountain ranges such as (Sari Akre, Peris, and Sada), deep valleys like (Zenta and Dupre), and hydro-geomorphological features including waterfalls (Akre Sipa and Bijil) and natural springs.

Using a descriptive-analytical approach, the study concludes that despite these unique natural capabilities, tourism in Akre remains seasonal and makeshift, failing to become a stable economic resource. The primary reasons include poor tourism infrastructure, a lack of modern services near natural sites, and the neglect of the scientific and historical value of caves (such as Gondik and Divre caves). The research proposes several practical solutions, including: constructing road networks and cable cars (teleferics), investing in winter tourism on Mount Peris, and transforming caves into natural museums and cultural centers. These factors collectively aim to transform Akre District into a strategic tourism hub at the level of the Kurdistan Region and Iraq.

**ملخص البحث**

يسلط هذا البحث الضوء على التقييم الجيومورفولوجي لتطوير السياحة في قضاء عقرة، بهدف تحديد الإمكانات الطبيعية لأشكال سطح الأرض والمعوقات التي تحول دون نمو القطاع السياحي في المنطقة. نظرًا لموقعه الجغرافي في المناطق الجبلية التي يتراوح ارتفاعها ما بين (٢٢٨-١٩٢٦م) فوق مستوى سطح البحر، يتمتع قضاء عقرة بتنوع جيومورفولوجي غني يتمثل في السلاسل الجبلية (مثل جبل عقرة، بيرس، وسادا)، والوديان العميقة مثل (زنتا ودوبرێ)، والظواهر الهيدرو-جيومورفولوجية كالشلالات (شلال عقرة وبجيل) والينابيع.

اعتمد البحث المنهج الوصفي التحليلي، وتوصل إلى أنه رغم توفر هذه الإمكانات الطبيعية الفريدة، إلا أن القطاع السياحي في عقرة لا يزال موسميًا وعشوائيًا ولم يتحول إلى مصدر اقتصادي مستدام. ويعود السبب الرئيسي في ذلك إلى ضعف وتدهور البنية التحتية السياحية، وغياب الخدمات الحديثة بالقرب من المعالم الطبيعية، وإهمال القيمة العلمية والتاريخية للكهوف (مثل كهف گوندك ودڤرێ).

تزخر منطقة أكري بظواهر جيومورفولوجية متنوعة، لكنها لم تُدرج أكاديمياً ولم تُخطط لإدراجها ضمن أنواع السياحة، ولم تُستغل مواردها الاقتصادية والسياحية. لذا ينبغي أن تبقى السياحة في منطقة الدراسة موسمية فقط.

يستعرض البحث مجموعة من المقترحات العملية، منها: بناء شبكة طرق وتلفريك، الاستثمار في السياحة الشتوية في جبل بيرس، وتحويل الكهوف إلى متاحف طبيعية ومراكز ثقافية. كل هذه العوامل ستساهم في تحويل قضاء عقرة إلى مركز سياحي استراتيجي على مستوى إقليم كوردستان والعراق.

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٨

# تحليل جغرافي لأشكال سطح الأرض في قضاء عقرة وأهميتها السياحية "المشكلات والحلول"

## شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ شێوەکانی رووی زەوی لە قەزای ئاکرێ و گرنگیان لە رووی گەشتوگوزارەوە گرفت و چارەسەر.

م.ی. محمد رمضان شين
جامعة عقرة للعلوم التطبقية كلية التربية
mohammed.ramazan@auas.edu.krd

م.ی. نیچیرڤان خيرالدين عبدالهادی
جامعة عقرة للعلوم التطبقية كلية التربية
nechirvan.khairadin@auas.edu.krd

م.ی. هلكفت صادق طيب
جامعة عقرة للعلوم التطبقية كلية اينفورماتيك
halkaft.sadeq@auas.edu.krd

**پوختەی توێژینەوە**
ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخەینە سەر هەڵسەنگاندنی جیۆمۆرفۆلۆجی بۆ پەرەپێدانی گەشتوگوزار لە قەزای ئاکرێ، بە مەبەستی دەستنیشانکردنی توانستە سروشتییەکانی شێوەی رووی زەوی و ئەو ئاستەنگانەی رێگرن لەبەردەم گەشەکردنی کەرتی گەشتیاری لە ناوچەکەدا، قەزای ئاکرێ بەهۆی هەڵکەوتە جوگرافییەکەی لە ناوچە شاخاوییەکاندا کە بەرزییەکە لە نێوان (٢٢٨-١٩٢٦م)لە ئاستی رووی دەریا، خاوەنی شێوە جیۆمۆرفۆلۆجیی دەوڵەمەندە کە لە شێوەی زنجیرە چیاکانی (سەری ئاکرێ، پیرس، سادا)، دۆڵە قووڵەکانی وەک (زنتا و دوپرێ) و دیاردە هایدرۆ-جیۆمۆرفۆلۆجییەکانی وەک تاڤگە (سیپەی ئاکرێ و بجیل) و کانییەکاندا دەردەکەوێت، توێژینەوەکە بە میتۆدێکی وەسفی-شیکاری گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە سەرڕای بوونی ئەم هەموو توانستە سروشتییە ناوازانە، کەرتی گەشتوگوزار لە ئاکرێ هێشتا بە شێوەیەکی وەرزی و سەرپێیماوەتەوە و نەبووەتە سەرچاوەیەکی ئابووریی جێگیر، هۆکاری سەرەکی بۆ ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ کەمی و خراپی ژێرخانی گەشتوگوزاری، نەبوونی خزمەتگوزارییە مۆدێرنەکان لە نزیک دیاردەکان، و پشتگوێخستنی بەهای زانستی و مێژوویی ئەشکەوتەکان (وەک ئەشکەوتی گوندک و دڤرێ)، لە توێژینەوەکە کۆمەڵێک پێشنیاری کردەیی دەخاتە ڕوو، لەوانە: بنیاتنانی تۆڕی ڕێگاوبان و تەلەفریک، وەبەرهێنان لە گەشتوگوزاری زستانە لە چیای پیرس، و گۆڕینی ئەشکەوتەکان بۆ مۆزەخانەی سروشتی و ناوەندی کولتووری، ئەمانە هەمووی دەبنە فاکتەری سەرەکی بۆ گۆڕینی قەزای ئاکرێ بۆ ناوەندێکی گەشتیاریی ستراتیژی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق.

**کلیکی ووشە** (قەزای ئاکرێ – گەشتوگوزار – چیا - ئەشکەوت - تاڤگە – گرفت و چارەسەر).

**پێشەکی**

دیاردە جۆراوجۆرەکانی رووی زەوی بەرهەمی چەندێن هۆکاریی ناوەکیی ودەرەکین، هۆکارەکانی ناوەکی وەکو جولەی تەکتۆنی و جیۆلۆجی و هۆکارە دەرەکییەکانیش وەکو ئاووهەوا و ڕەگەزەکانی بە داینەمۆ و سەرچاوەی سەرەکی گۆڕانکارییە دەرەکییەکان دادەنرێن، هەموو شێوەکانی رووی

زەوی کاریگەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەسەر سەرجەم چالاکیەکانی مرۆڤ هەیە، گەشتوگوزار یەکێکە لە چالاکیە مرۆییەکان کە شێوەکانی رووی زەوی کاریگەری روونیان بەسەرییەوە هەیە شێوەکانی رووی زەوی بەشێوەیەکی گشتی بە بەردی بناغەی گەشەپێدانی کەرتی گەشتوگوزارن دادەنرێن وەکو توانستێکی سروشتی گەشتگوزار.

ئەوەی تایبەت بێت بە قەزای ئاکرێ و هەڵکەوتەی جوگرافی لە ناوچەی شاخاوی و نیمچە شاخاوی بۆتە هۆی بوونی جۆراوجۆری دیاردەدکان وەکو بوونی چیای لوتکەی بەرزو ئەشکەوت و تاڤگە و کانی و دۆڵ ، هەموو ئەمانە بوونەتە هۆی ئەوەی سەرنجی گەشتیارانە ناوخۆ و دەرەکی بۆ خۆی ڕابکێشێت بۆیە ساڵی (٢٠٢٥) دا (٤٩٦٥٥٠)گەشتیار سەردانی ناوچە جیاوازەکانی قەزای ئاکرێ کردووە بە ئامانجی بینینی دیمەتە جوانەکان و پشوو و ئارام بوونەوەی دەروون و گرتنی وێنەی یادگاری، بەڵام تاوەکو ئێستا بەشێوەیەکی ستراتیژی و پلان بۆدارێژراو سوود لە دیاردە جیۆمۆرفۆلۆجییەکانی ناوچەی لێکۆلینەوە وەرنەگیراوە بۆ گەشەپێدانی کەرتی گەشتوگوزار لە قەزا ئاکرێ(بەرێوبەرایەتی گەشتوگوزای ئاکرێ،٢٠٢٦).

**گرنگی توێژینەوە**

تیشك خستەر پەیوەندی نێوان گەشتوگوزار و شێوەکانی رووی زەویە لە ناوچەیەکی دیاریکراوی وەک ئاکرێ دەخاتە ڕووو ڕێگاکانی وەبەرهێنانی دیاردە سروشتییەکان دیاری بکات، کە ئەمەش دەبێتە هۆی دابینکردنی هەلی کار بۆ دانیشتووانی ناوچەکە و بەرزکردنەوەی ئاستی داهاتی ناوخۆیی لەرێگەی گەشتوگوزارو یارمەتی لایەنە پەیوەندیدارەکان دەدات کە دیدگایەکی روونیان هەبێت بۆ پەرەپێدانی ژێرخانی ناوچە گەشتیارییەکان لەسەر بنەمایەکی زانستی و پاراستنی ژینگەی ناوچەکە.

**کێشەی توێژینەوە:**

قەزای ئاکرێ دەوڵەمەندە بە دیاردە جۆراوجۆرە جیۆمۆرفۆلۆجییەکان، بەڵام تا ئێستا بەشێوەیەکی ئەکادیمی و پلان بۆ دارێژراو کاری لەسەر نەکراوە کە بخرێتە نێو جۆرەکانی گەشتگوزار وە سەرچاوەیەکی ئابووری و گەشتیاری بەکارنەهێنراون، کێشەی سەرەکی لە نەبوونی پلانێکی ستراتیژی گشتگیر و کەمیی خزمەتگوزارییە پێویستەکان و نەبوونی ڕێبەرەیەکی وردی ناوچە گرنگە گەشتوگوزارییەکانی قەزای ئاکرێ، هەموو ئەمانەش بۆتە هۆی ئەوەی گەشتوگوزار لە ناوچەی لێکۆلینەوە تەنها بە شێوەیەکی وەرزی بمێنێتەوە.

**گریمانەی توێژینەوە:**

- بوونی دیاردە جۆراوجۆرییەکانی جیۆمۆرفۆلۆجی پەیوەندیەکی ڕاستەوانەیان هەیە لەسەر هاتنی گەشتیاری زیاتر بۆ قەزای ئاکرێ بۆیە تا گرنگی زیاتریان پێ بدرێت ئاستی سەردانی گەشتیاران زیاتر دەبێت.
- گەیاندنی خزمەتگوزارییە گەشتوگوزارییەکان بە ناوچە سەرنجڕاکێشە جیۆمۆرفۆلۆجییەکان و دروستکردنی رێبەری گەشتیاری یارمەتی دەر دەبن بۆ ئەوەی قەزای ئاکێ ببێتە ناوەندێکی گرنگی گەشتوگوزار لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عیراق.

**ئامانجی توێژینەوە:**

دەستنیشانکردنی گرنگترین دیاردە جیۆمۆرفۆلۆجییەکان ناوچەی لێکۆلینەوە کە کاریگەری زۆریان لەسەر گەشەساندنی چالاکیەکانی گەشتوگوزار هەیە و دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانیان

و دياريكردنى لەسەر نەخشە و تيشك خستە سەر گرفتەكان و دياريكردنى رێگا چارەسەرييەكانى بە مەبەستى گەشەپێدان وپەرەپێدانى كەرتى گەشتوگوزار لە قەزاى ئاكرێ.

**پلانى توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەكی و ئەنجام و پێشنیار و سێ تەوەری سەرەكی پێك دێت كە تەوەری یەكەم ناساندنی ناوچەی لێكۆلینەوەیە و تەوەری دووەم شیكردنەوە و ناساندنی دیارە جیۆمۆرفۆلۆجییە گەشتوگوزارییەكانی قەزای ئاكرێیە و تەوەری سێیەم بریتە لە تایبەتمەندییە جێۆمۆرفۆلۆجییەكانی قەزای ئاكرێ و گرنگیان لە رووی گەشتیاری و چۆنیەتی پەرەپێدانیان.

**میتۆدی توێژینەوە**

لەم توێژینەوەیەدا، پشت بە میتۆدی وەسفی-شیكاری و سەردانی مەیدانی بەستراوە بۆ هەڵسەنگاندنی توانستە جیومۆرفۆلۆجییەكانی قەزای ئاكرێ، بۆ گەیشتن بە ئەنجامەكان هەر یەك لە GISبۆ نەخشەسازی، Google Earth Proبۆ دیاریكردنی شوێنەكان، و BaseCamp بۆ دەرهێنانی خاڵە جوگرافییەكان بەكارهاتووە. زانیارییە كۆكراوەكان بە شێوەی وێنەی كاری مەیدانی، خشتە، و نەخشەی زانستی رێكخراون تاوەكو وێنایەكی روون بۆ گرفت و ئاسۆكانی پەرەپێدانی گەشتوگوزار بخەینە روو.

**كلیكی ووشە** (قەزای ئاكری – گەشتوگوزار – چیا - ئەشكەوت - تاڤگە – گرفت و چارەسەر).


**تەوەری یەكەم: ناساندنی قەزای ئاكرێ**

قەزای ئاكرێ دەكەوێتە رۆژهەلاتی پارێزگای دهۆک و لە بەشی باكوری هەرێمی كوردستان هەڵكەوتووە ، لە باكوورەوە سنووری لەگەڵ قەزای میرگەسور هەیە كە چیاكانی پیرس وەكو دیاردەیەكی سرووشتی ئەم دوو قەزاییە لێك جیا دەكاتەوە، لە رۆژهەڵات هاوسنوورە لەگەل قەزای شەقڵاوە سەر بە پارێزگای هەولێرە و زێ گەورە دەكەوێتە سنوری نێوان ئەم دووقەزایە و لە بەشی باشووری قەزای بەردەرەش هەڵكەوتووە، وە لەبەشی رۆژئاوادا سنوری لەگەل قەزای شێخانە و لە باكووری رۆژئاواش قەزای ئامێدی هەڵكەوتووە.

ناوچەی توێژینەوە دەكەوێتە نێوان بازنەی پانی (43°04′00″)و (44°01′00″)باكوور، و هێڵی درێژی (36°23′00″)و (36°56′00″)رۆژهەلات، هەروەها قەزای ئاكری لە چوار ناحیە پێك هاتووە كە ئەوانیش :ئاكرێ، دینارتە، گردەسین و بجیل، كۆی رووبەری ناوچەی توێژینەوە نزیكەی (١٧٦٨ كم²)ە، كە نزیكەی (١٦,١%) لە كۆی رووبەری پارێزگای دهۆک پێكدەهێنێت (نەخشە ١). لە نێوان ئەم ناحیانەدا ناحیەی دینارتە گەورەترین رووبەری هەیە لە رووبەر، كە نزیكەی (٤٠,٤%)ی رووبەری ناوچەی توێژینەوەیە، دواتر ناحیەی گردەسین دێت بە رێژەی (31.5%)، بەڵام ناحیەكانی بجیل و ئاكرێ كەمترین رووبەریان هەیە لە ناوچەی توێژینەوەدا .

**نەخشەی (١) هەڵكەوتەی قەزای ئاكرێ بە پێی هەرێمی كوردستان و پارێزگای دهۆك و ناحیەكان**

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٨




سەرچاوە :- کاری توێژەر بەبەکارهێنانی بەرنامەی (GIS10.8) ، پشت بەست بە حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی پلان دانان ، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستانی عیراق ، بەرێوەبەرایەتی ئاماری دهۆك ، بەشی (GIS) نەخشەی گشتی ٢٠١٥.

**تەوەری دووەم: ناساندنی دیاردە جیومورفولوجیە گەشتوگوزاریەکانی قەزای ئاکرێ**

دیاردە جیومۆرفۆلۆجیەکان یان شێوەکانی ڕووی زەوی ڕۆڵێکی تایبەت لەسەر چالاکییە گەشتوگوزارییەکان دەگێرن، چونکە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان هەیە لە ڕاکێشانی گەشتیاران، قەزای ئاکرێ وەک ناوچەیەکی ڕووی زەوی جیاواز کە بەرزی لە نێوان (٢٨٨ -١٩٢٦م)لە ئاستی ڕووی دەریا ئەم بەرزییەش ڕاستەوخۆی کاریگەری دەبێت لەسەر دروستبوونی دیاردە جیاوازرییەکانی جیمۆرفۆلۆجییەکان وەک (چیا، دۆڵ، تاڤگە، کانی و ئەشکەوتە سروشتییەکانە) کە هەر یەکێك لەم شێوانە گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە لە ڕووی گەشت وگوزارەوە، لە باشووری ناوچەی توێژینەوە شێوەی دەشت زیاترە، بەڵام تاوەکو بە ئاراستەی باکوورو باکوری ڕوژهەلات بڕۆین بەرزاییەکان زیاد دەکات وە دیاردەی جیمۆرفۆلۆجی جۆراوجۆرتر بە دیاردەکەون ئەم جیاوازییە جیومۆرفۆلۆجییانە دیمەنی سروشتی جوان و سەرنجڕاکێش دروست کردووە کە بە توانستێکی گرنگی گەشتوگوزار دادەنرێن، بۆیە شێوەی ڕووی زەوی بنەمایەکی گرنگە بۆ گەشەپێدانی گەشتوگوزاری لە قەزای ئاکرێ. خشتەی (١) و نەخشەی (٢).

لە خوارەوە تیشك دەخەینە سەر گرنگترین و بەهێزترین دیاردە جیۆمۆرفۆلۆجیەکانی کە بایەخێکی گرنگیان هەیە لە ڕووی گەشت وگوزارەوە بەم شێوەی خوارەوە:

**یەکەم – چیاکان**

ناوچەی چیایی بەهۆی پاکی ژینگە و گونجاوی بارودۆخی ئاووهەوای و ئارامی و کەمی قەرەباڵغییەکی ناسراوە، ئەم دۆخە ژینگەییە جگە لە دروستکردنی دیمەنی سروشتی جوان و

دارستانە سروشتییەکان، ناوچەکە خاوەنی دیاردە جیومۆرفۆلۆجییە جۆراوجۆرەکان وەک دۆڵ، ئەشکەوت، کانی و تاڤگەوگرد. هەروەها جۆراوجۆری ئاژەڵ و باڵندەی کێوی بەشێکی گرنگ لە سیستەمی ئێکۆلۆژی ناوچەکە پێکدەهێنن و لەگەڵ ئەم پێکهاتانەدا کاریگەرییان هەیە لە سەرووەری ژینگە و زیادکردنی ڕاکێشانی گەشتوگوزاری سروشتی. بەم شێوەیە، ناوچەی چیایی ناوچەی توێژینەوە بنەمایەکی گونجاو بۆ گەشەپێدانی گەشتوگوزاری بەردەوام پێکدەهێنێت ، گرنگترین چیاکانی ناوچەی توێژینەوە :

١ – **چیایی سەری ئاکرێ:** ئەم چیایە دەکەوێتە بەشی باکوری شاری ئاکرێ و دەڕوانێتە سەر شاری ئاکرێ و دیمەنێکی جوانی بەشارەکە بەخشیوە لەسەر بازنەی پانی ("43°53'42.46)باکور و هێڵی درێژی ("36°45'47.56)ڕۆژهەڵات هەڵکەوتووە، ساڵانە چەندین گروپی جیاوازی شاخەوانی لە ناوخۆ وشارە جیاوازەکانی کوردستان گەشتی بۆ دەکەن بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافی و دەولەمەندی بە دیاردە جیمۆفۆلۆجیەکان، بەرزی ئەم چیایە (١٣٨٠م)لە ئاستی رووی دەریاوە بەرزە، جگە لە بوونی ڕێگای پیادە هیچ جۆرە ڕێگایەکی تر ناگاتە سەر ئەم چیایە بۆیە گرنگە کاربکرێت بۆ گەیاندنی ڕێگا وخزمەتگوزاری هەمە جۆر بۆ ئەوەی گەشتیار بە ئاسانترین و کەمترین کات بگاتە سەر ئەم چیایە. وێنە(١)

٢ – **چیایی سەرێ کەلێ** : ئەم چیایەش دەکەوێتە باکوری شاری ئاکرێی کون کە بەرزاییەکەی دەگاتە (١٠١٠ م) لە سەر ئاستی روی دەریا لەسەر بازنەی پانی ("43°53'42.46)باکور و هێڵی درێژی ("36°45'47.56) ڕۆژهەڵات هەڵکەوتووە، لە سەری ئەم چیایە قەلایەکی کۆن ئاوەدان کردووە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی ٥٠٠ سال پێش زایینی لە سەر دەستی (میر زەند) کە ماوی ئاوەدانکردنەوەکەی نزیکەی پێنج سالی خایاندووە(حسین،٢٠٠٩،٣٤). لە رووی گەشت وگوزارەوە رولێکی گرنگی هەیە بۆ راکێشانی گەشتیار بۆ قەزای ئاکرێ، یەکێك لە گرنگترین ناوچە شوێنەوارییەکانی قەزای ئاکری کەوتۆتە سەر ئەم شاخ بە ناوی قەلای ئاکرێ لە ساڵی (١٩٥١) لە ڕۆژنامەی (الوقائع العراقیە) وەکو ناوچەیەکی شوێنەواری ناوی هاتوو و بلاوکراوەتەوە و لە ساڵێ (٢٠١٠)لەلایەن تیمی بەرێوەبەرایەتی شوێنەواری قەزای ئاکرێ کنە و پشکنینی بۆکراوە و چەند پارچە شوێنەواریان تێدا دۆزیوەتەوە کە بریتیی بوونە لە (گۆزە ، مۆر(خەتم)، قەلیۆن) کە ئەمانەش تەمەنیان دەگەرایەوە بۆ سەردەمی پێش زاین(نیچیرڤان و ئەوانی تر ،٢٠٢٤، ٣٦٣) ، هەروەها گەرەکی کۆن و شوێنەوارییەکانی شاری ئاکرێ دەکەونە قەد پاڵی ئەم چیایە کە ساڵانە ژمارەیەکی زۆری گەشتیار سەردانی ئەم گەرەکانە و چیایە دەکەن وە ئەم چیایە تایبمەتدیەکی گرنگی هەیە لە رۆژی نەورۆزدا کە ساڵانە (خەتیر بەدەستانی نەورۆز) بە قەد پاڵی ئەم چیا خەتیرەکانیان دەبەنە سەر چیایی سەرێ کەلی بە رێگای قادرمە سەردەکەون بۆ سەر شاخەکەو دیمەنی ناوازە دەبەخشنە شاری ئاکرێ کە ساڵانە زیاتر لە (٧٠٠٠٠) کەس لەو رۆژە سەردانی ئاکرێ دەکەن لە بەر جوانی دیمەنەکان وسیمای ئەندازیاری خانوە کۆنەکان و شوێنەواری قەلای ئاکرێ سەرنجی گەشتیارانی بە لای خویدا راکێشاوە بە تایبەتی بو مەبەستی خوشگوزەرانی و وێنەگرتنی و بینیی دیمەنی سەرکەوتنی ئاگری نەورۆز یادگاری گەشتیاران سەردەنیان دەکەن، بەلاّم خزمەتگوزارییە گەشتوگوزارییەکانی لە ئاستی پێویستی گەشتیاران نییە، وێنەی (١).

٣ – چیایی سەرێ سادا: ئەم چیایە دەکەوێتە رۆژهەلاتی ناوچەی توێژینەوە وەکو دیاردەیەکی سروستی بۆتە سنوری کارگێری نێوان هەردوو ناحیەی (بجیل ودینارتە) کە لەبەشی باشوری

ناحیەی بجیل هەڵەکەوتووە و لەبەشی باکوری ناحیەی دینارتە هەڵکەوتووە، وبەرزایەکەی زیاترە لە (١٢٤٠ م) لە سەر ئاستی روی دەریا، لەسەر بازنەی پانی ("43°1'32.82)باکور و هێڵی درێژی ("36°45'16.96) رۆژهەڵات هەڵکەوتووە ، ناوچەیەکی دەوڵەمەندە بە داری جۆراوجۆری وەکو (دار بەڕو و دار سماق و قەزوان)وە بوونی چەندین سەرچاوی ئاوی وەکو کانی (سەرێ سادا) کە لە سەری چیاکەیە وە هەبوونی ئاژەڵ و باڵندەی هەمجۆری وەکو (سمۆرە و کەو و سوسك و هەڵو رێو و کەروێشك) هەموو ئەمە تایبەتمەندیانەش بۆنەتە فاکتەرێکی گرنگ بۆ ئەوەی ببێتە ناوچەکی گرنگ کە سەرنجی گەشتیاران ڕابکێشت بەڵام جگە لە بوونی رێکایەکی یەك سایدی قیرتاوکراوە بێ بەش لە بوونی خزمەتگوزارییە گەشتوگوزرییەکان بۆیە بەهۆی دەولەمەندی ناوچەکە پێویستی بە خزمەتگوزاری گەشتیاری زیاترە بە ئامانجی هاتن و مانەوەی کاتی زیاتری گەشتیاران لە ناوچەکە ،

٤ – **چیاێ پیرس**: ئەم زنجیرە چیایە بە زۆری دەکەوێتە بەشی باکوری ناوچەی توێژینەوە و لە رۆژهەلاتییەوە زێی گەورەی تێدا هەڵکەوتووە و لەسەر بازنەی پانی ("44°0'16.59)باکور و هێڵی درێژی ("36°49'10.83) رۆژهەڵات هەڵکەوتووە، لە ڕووی کارگێرییەوە، ئەم زنجیرە چیایە دەکەوێتە سنووری ناحیەی دینارتە و بەرزاییەکەی دەگاتە ١٣٣٦ مەتر لەسەر ئاستی رووی دەریا، هەروەها درێژییەکەی نزیکەی ٣١ کیلۆمەترە (غەنی، ٢٠٢١، ١١٥). ئەم زنجیرە چیایە بەهۆی جۆراوجۆری دیاردە جیومۆرفۆلۆژییەکان، وەک لوتکە بەرزەکان، ئەشکەوت، کانی، تاڤگە و ناوچە شوێنەوایی مێژووییەکان، دەوڵەمەندە بە توانستە سروشتی و مرۆییەکانی گەشتوگوزاری. لە وەرزی زستاندا زیاتر لە (٥٠) سم بەفر لەسەر ئەم زنجیرە چیایە دەکەوێت، کە ئەمە وەک یەکێک لە گرنگترین توانستەکانی گەشتوگوزاری زستانە دادەنرێت و هۆکاری سەرەکی ڕاکێشانی ژمارەیەکی زۆر گەشتیارە. ئەم گەشتیارانە بۆ بینینی دیمەنی جوانی بەفربارین، ئەنجامدانی یارییە بەفرینەکان و وەک شەڕی تۆپەڵە، هەروەها گرتنی وێنەی یادگاری لە ناو بەفر سەردانی ناوچەکە دەکەن. زۆربەی ئەم گەشتیارانە لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراقەوە دێن، بۆیە پێویستە کار لەسەر گەشەپێدانی خزمەتگوزارییە گەشتوگوزارییەکان بکرێت، چونکە لە دۆخی ئێستادا ئاستی ئەم خزمەتگوزارییانە لەگەڵ پێداویستی و چاوەڕوانییەکانی گەشتیاران ناگونجێت ، وێنەی (١)

وێنەی(١) چیاکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە



چیای سەری ئاکرێ :سەرچاوە کاری توێژەر: ئەو وێنەیە لە ڕێککەوتی (2026/5/1) لەلایەن توێژەر گیراوە .



چیایی سەری کەلێ : سەرچاوە کاری توێژەر: ئەم وێنەیە لە ڕێککەوتی (2025/3/17) لەلایەن توێژەر گیراوە



.چیایی پیرس لە وەرزی زستان: سەرچاوە کاری توێژەر: ئەم وێنەیە لە ڕێککەوتی (2026/1/5) لەلایەن توێژەر گیراوە

**دووەم: دۆڵەکان**

دۆڵەکان تەنها نزماییەکی زەوی نین کە بەهۆی داماڵینی ئاوی یان جوڵەی زەوییەوە دروست بووبن، بەڵکو لە زانستی گەشتوگوزاری هاوچەرخدا وەک سیستەمێکی ژینگەیی کراوە پێناسە دەکرێن کە سێ ڕەهەندی (سروشتی، کلتووری، و ئابووری) کۆدەکەنەوە و دەبنە چەقی ڕاکێشانی گەشتیار بەهۆی جیاوازیی پلەی گەرمی و جوانیی دیمەنە سروشتییەکانیان(الزوكة،٢٠٠٤، ١١٣)،جیاوازی شێوەکانی رووی زەوی لە قەزای ئاکرێ بۆتە هۆی دروستبوونی چەندین دۆڵی سەرنج راکێش کە وەکو توانستێکی سروشتی گەشتوگوزار دەتوانرێت رۆڵ و کاریگەری تەواوی لەسەر گەشەساندنی ئەم کەرتە هەبێت، لە گرنگترین دۆلەکانی ناوچەی توێژینەوە:-

١ – **دۆڵی زنتا:** دۆڵی زەنتا یەکێك لە جوانترین و سەرنجراکێشترین دۆلەکانی هەرێمی کوردستانە خالی بەستنەوەی قەزای ئاکرێیە بە قەزای مێرگەسۆر و دەڤەری بارزان ، دەکەوێتە بەشی باکور و رۆژهەلاتی ناوچەی لێکۆڵینەوە لە رووی کارگێرییەوە دەکەوێتە سنوری ناحیەی دینارتە ، ئەم دۆلە لە نێوان زنجیرە چیای ئاکرێ هەڵکەوتووە، رێگایەکی یەك سایدی قیرتاوکراوی هەیە درێژی دۆلەکە(٤,٨ کم) ، دەکەوێتە بازنەی پانی("43°58'26.15)باکور و هێلی درێژی ("36°22'43.36)رۆژهەلات ، نزیکەی (١١کم) دووره لەسەنتەری قەزای ئاکرێ ناوچەیەکی دەولەمەندە بەداروباری جۆراوجۆری وەکو (دار بەڕو و قەزوان و هەنجیر) و سەرەرای بوونی ئاژەل و باڵندەی کێوی وەکو (کەو و مامز و هەڵۆ) لە رووی بارودۆخی ئاووهەوا لە هاوینان کەشێکی فێك و لەباری هەیە، دەوڵەمەندە بە بوونی سەرچاوەیەکی گرنگی ئاو کە سەرچاوەکەی



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue :8
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

لە لای ڕۆژئاوا لە گوندی مەزرینگانەوە دێت ولە لای روژهەلات لە دۆڵی نەقەبەوە دێت وە هەردووکیان لە گوندی سەرگەلی دەگەنە یەك ودۆڵی زنتا پیك دێنن، هەموو ئەم توانستە گرنگانە بۆنەتە هۆی بنیات نانی چەندین سەیرانگای جوانی گەشیاری وەکو هاڤینگەکانی (پیرس، زنتا، سەرگەلی، جیهان) کە ساڵانە بە تایبەت لە وەرزی هاوین زیاتر لە (٦٠%) گەشتیارانی قەزای ئاکرێ سەردانی ئەم دۆلە دەکەن و چێژ لە دیمەن جوان و سەرنجڕاکێشەکانی ئەم دۆلە دەبینن، بەهۆی گرنگی و دەولەمەندی ئەم دۆڵە بە توانستە گەشتگوزارییەکان لە ڕێبەری گەشتگوزاری پارێزگای دهۆك و قەزای ئاکرێ ئاماژەی پێکراوە بەڵام رێکای کەیشتن بەم ناوچەیە یەك سایدە و لە ئاستی پێوستی گەشتیارن دا نییە(بەرێوبەرایەتی گەشتوگوزاری قەزای ئاکری،٢٠٢٦). وێنەی (٥)

٢ – **دۆڵی نێروە**: یەکێکی تر لە دۆڵەکانی ناوچەی لێکۆلینەوە بریتیە لە دۆڵی نێروە کە خاوەن خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆیەتی لە رووی دیاردەکانی سەر ڕووی زەوی لە ڕووی کارگێرییەوە دەکەوێتە سنوری ناحیەی بجیل و دەکەوێتە دەکەوێتە باکوری ناحیەی بجیل وروژهەلاتی ناوچەی توێژینەوە بە دوری (٣١ کم) لە سەنتەری شاری ئاکرێ لەبەرزای (٥١٠م)لەئاستی رووی دەریا لەسەر بازنەی پانی ("44°10'43.49)باکور و هێڵی("36°41'45.41) درێژی هەڵکەوتووە، لە باکوری گوندی نێروەی هەڵکەوتووە و درێژی ئەم دۆڵە (٥٠٠م)، پانیەکە بە پێی شوێنەکان جیاوازن بەشێوەیەکی گشتی پانی لە نێوان (٢٠-٢٥ مەتر)، سەرەڕاری دەولەمەندی بە چەندین جۆری داری وەکو (بەڕو هەنجیرو هنار)، جگە لە بوونی چەندین سەرچاوەی ئاوی کە هەمیشەیی وەکو کانی (نێروە)، هەموو ئەمانە بوونەتە توانستێکی گرنگ بۆ چالاکی کەرتی گەشتوگوزار بەڵام تاوەکو ئێستا وەکو پێویست سوود لەم دۆڵە وەرنەگیراوە بۆ گەیشتنی گەشتیار بەم ناوچە بۆیە دەبێت کاربکرێت بۆ گەیاندنی زیاتری خزمەتگوزارییە گەشتوگوزارییەکان بە ئامانجی ئەوەی زۆرترین گەشتیار سەردانی ناوچەکە بکات وێنەی (٦)

٣- **دۆڵی دوپرێ**: ئەم دۆڵەش دەکەوێتە روژئاوای ناحیەی دینارتە بە دوری (٣١ کم) ودەکەوێتە باکوری روژئاوای ناوچەی توێژینەوە بە دووری (٣٢ کم) لە سەنتەری شاری ئاکرێ، دۆلێکی قوڵە و درێژی ئەم دۆڵە لە نێوان (٥٠٠-٦٠٠ مەتر) دەکەوێتە سەر بازنەی پانی ("43°47'30.82)باکور و هێلی درێژی ("36°52'43.84) رۆژهەلات، پانیەکە بە پێی شوێنەکان جیاوازن بەشێوەیەکی گشتی پانی لە نێوان (٣٠-٤٠ مەتر)، سەرەڕاری دەولەمەندی بە چەندین جۆری داری وەکو (بەڕو چناروهەنجیرو هنارو مێو)، جگە لە بوونی سەرچاوە ئاویەکی هەمیشەیی پاك وسازگاری دەولەمەند کە ڕوباری خازر پێیدا تێدەپەرێت کە سەرچاوەکانی کانیەکانی گوندی (کافیایە) لە دەڤەری زێبار، هەموو ئەمانە بوونەتە توانستێکی گرنگ بۆ چالاکی کەرتی گەشتوگوزار بەڵام تاوەکو ئێستا وەکو پێویست سوود لەم دۆڵە وەرنەگیراوە بۆ گەیشتنی گەشتیار وەکو نەبوونی ڕێگای قیرتاوکراو و کەپری گەشتیاری و ریستۆرانت و مزگەوت ، بۆیە دەبێت کاربکرێت بۆ گەیاندنی زیاتری خزمەتگوزارییە گەشتوگوزارییەکان بە ئامانجی ئەوەی زۆرترین گەشتیار سەردانی ناوچەکە بکات و کاتی زیاتر بمینێتەوە لە پێناو بەدەستهێنانی زۆرترین داهات بۆ ناوچەی لێکۆلینەوە وێنەی (٦).

وێنەی (٦) دۆڵەکانی ناوچەی لێکۆلینەوە


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 8
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)



دۆڵی زەنتا: سەرچاوە کاری توێژەر: ئەم وێنەیە لە رێککەوتی 5/ 2025/5 لەلایەن توێژەر گیراوە



دۆڵی دوێرێ: سەرچاوە کاری توێژەر: ئەم وێنەیە لە رێککەوتی 5/ 2025/3 لەلایەن توێژەر گیراوە

**سێیەم : تاڤگەکان**

تاڤگە بریتییە لە دیاردەیەکی جیۆمۆرفۆلۆجی کە تێیدا ئاوی ڕووبار یان چەمەکان لە ناوچەیەکی بەرزەوە بە شێوەیەکی ستوونی یان نیمچە ستوونی بەسەر بەربەستێکی بەردیندا دەکەونە خوارەوە، ئەمەش بەهۆی جیاوازیی ڕەق و نەرمی تێپەڕبوونی چینە بەردینەکان دروست دەبێت،لە تاڤگەکان تێکەڵبوونی دەنگی ئاو، جوڵەی بەردەوام، و هەڵمی ئاو دیمەنێکی سەرنجراکێش دروست دەکات کە کاریگەری دەروونی ئەرێنی لەسەر گەشتیار هەیە، دەبنە ناوەندی چالاکیی جۆراوجۆر وەک وێنەگرتنی سروشتی، مەلەکردن، و وەرزشی سەرکێشی، هەڵمی ئاوی دەوروبەری تاڤگەکان دەبێتە هۆی فێنککردنەوەی ناوچەکە و زیادکردنی ڕێژەی ئۆکسیجێن، کە ئەمەش بۆ گەشتوگوزاری تەندروستی (Medical Tourism) گرنگە(السعدي، ٢٠١٤، ١٤٥)، تاڤگەکانی ئاکرێ یەکێکن لە جوانترین توانستە سروشتییەکانی سنووری پارێزگای دهۆک و دیمەنێکی ناوازەیان بە پایتەختی نەورۆز بەخشیوە، ئەم تاڤگانە لە ڕووی گەشتوگوزارەوە گرنگییەکی زۆریان هەیە، چونکە ساڵانە هەزاران گەشتیار لە ناوخۆ و دەرەوەی هەرێم بۆ بینینی سروشتە دڵڕفێنەکەی و فێنکی ئاوەکەی ڕووی تێدەکەن بوونی ئەم شوێنە گەشتیارییانە دەبێتە هۆی بووژانەوەی ئابووری ناوچەکە و ناساندنی زیاتری کولتوور و جوانییەکانی ئاکرێ بە جیهان، گرنگترین تاڤگەکان ئەمانەی خوارەوەن:

١- تاڤگە ی سیپەی ئاکرێ: تاڤگەی سیپە یەکێکە لە گرنگترین و بەناوبانگترین دیاردە جیمۆرفۆلۆجییەکانی قەزای ئاکرێ دەکەوێتە سەنتەری قەزای ئاکرێ لە بەرزی (٧٧٤م)لە ئاستی ڕووی دەریا بەرزە، لەسەر بانەی پانی و ("43°53'47.08)باکور و هێڵی درێژی("36°45'13.63)ڕۆژهەڵات، دەکەوێتە بەشی باشوری چیای سەرێ کەلێ دەکەوێتە سەنتەری شاری ئاکری" بەرزی ئەم تاڤگەیە (٣٠م) حەوزێکی بازنەی لەبەر دەمی ئەم تاڤگەیە دروستکراوە کە زۆرجار لەلایەن گەشتیاران بۆ مەولەوانی بەکاردێت، تاڤگەیی سیپە دیمەنێکی جوانی بە ناوچەکە بەخشیووە سەرچاوەی ئاوەکەی لە (کانی زەرکە) کە لە چیای ئاکرێ هەڵدەقوڵێ ئەم تاڤگەیە هەمیشەیە و بە درێژایی هەر چوار

وەرزی ساڵ بوونی هەیە هەڵکەوتەی ئەم تاڤگەیە لە شوێنێکی دەولەمەندی بە دارە وەکو (هەنجیروهەنار وگوێزو هەرمێ ومێو وقەیسی)، و لە ئێستا دا ئەم تاڤگەیە بۆتە یەکێك لەشوێنە دلخوازەکانی گەشتیاران کە سەردانی قەزای ئاکرێ دەکەن ساڵانە زیاتر لە دە هەزار گەشتیار سەردانی ئەم تاڤگەیە دەکەن بەمەبەستی بینینی دیمەنە جوان و سەرنج ڕاکێشەی ئەم تاڤگەیە و جگە لەوەی بارودۆخی ئاووهەوای گونجاوە و کەشێکی فێنکی هەیە لە وەرزی هاوین، بەپێی گرنگی ئەم شوێنە دەبێت کاربکرێت بۆ زیاتر گەشەپێدانی و گەیاندنی خزمەتگوزاری گەشتوگوزاری بە ئامانجی ژمارەیەکی زیاتری گەشتیار سەردانی بکەن.وێنەی (٨)

٢- تاڤگەی سیپەی بجیل: ئەم تاڤگەیە دەکەوێتە سەنتەری ناحیەی بجیل، لە بەشی رۆژهەلاتی قەزای ئاکرێ هەڵکەوتووە نزیکەی (٢٠کم)دوورە لەسەنتەری قەزای ئاکرێ ، دەکەوێتە سەر دوو سایدی ڕێگای سەرەکی قەزای ئاکرێ کە بە پارێزگای هەولێر دەبەستێتەوە، بەرزی (٦٣٥ مەتر)بەرزە لە ئاستی رووی دەریا و دەکەوێتە سەر بازنەی پانی (44° 1'1.96")باکور و هێلێ درێژی (36°43'40.30")ڕۆژهەلات، بەرزی تاڤگەی بجیل (٧م)، یەکێکە لە بەناوبانگترین ناوچەی گەشتیاری قەزای ئاکرێ، سەرچاوەی ئاوەکەی لە (کانیەکانی بجیل) کە لە چیای ئاکرێ هەلدەقولێ لە باکوری شاری بجیل ئەم تاڤگەیە هەمیشەیە و بە درێژایی هەر چوار وەرزی ساڵ بوونی هەیە، ساڵانە زیاتر لە (٢٥٠٠٠) گەشتیار سەردانی ئەم تاڤگەیە دەکەن بە مەبەستی بینینی دیمەنی تاڤگە و بەسەربردنی کاتێکی خۆش لە کەشێکی فێك ناوچەکە کە دەولەمەندە بە چەندین جۆری داری جیاوازی وەکو (گوێزو هەرمێ و هەنجیر و مێوو و هەنار و بەڕوو ...هتد)، لە دەوروبەری ئەم تاڤگەیە چەندین کەپری گەشتیاری دروستکراوە کە گەشتیاران بۆ پشوودان لە ژێری دا دەمێنەوە، بەهۆی دەولەمەندی شاری بجیل بە توانستە سروشتیە گەشتگوزارییەکان بەڵام خزمەتگوزارییەکانی ئەم ناوچەیە لە ئاست پێوستی و داواکاری گەشتیاران دا نییە بۆیە پێویستە گرنگی زیاتر بە خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان بدرێت بەمەبەستی ئەوەی گەشتیار زیاتر سەردانی ناوچەکە بکەن و کاتی زیاتر لە ناوچەکە بمێنەوە ئەمەش لە ڕێگای زیادکردنی جۆراوجۆری گەشتوگوزار لە ناوچە.وێنەی (٨)

٣- تاڤگە ی گوندی کورتکا: ئەم تاڤگایە دەکەوێتە گوندی کورتە و سەربە ناحیەی دینارتە لە بەشی ناوەراستی ناوچەی لێکۆلینەوە هەڵکەوتووە، دەکەوێتە سەر ڕێگای سەرەکی دۆلی نهلە، ئەم تاڤگەیە (٨٣٠م)بەرزە لە ئاستی روووی دەریاوە ، دەکەوێتە سەر بازنەی پانی (43°49'16.58") باکور و هێلی درێژی (36°49'28.99") رۆژهەڵات، لە ، ئەم تاڤگەیە بە نزیکەی (٣٢ کم) دوورە لە شاری ئاکرێ، بەرزی ئەم تاڤگەیە نزیکەی (١٠م)بەرزە و دیمەنێکی جوان و سەرنجراکێشی هەیە وە ئەم تاڤگەیە هەمیشەیە واتا هەر چوار وەرزی ساڵ بوونی هەیە، سەرچاوەی ئاوی ئەم تاڤگەیە لە کانییەکانە گوندی کورتکا سەرچاوە دەگرێت لە زنجیرە چیایی ئاکرێ، سەڕەرای ئەوەش ناوچەکە

دوڵەمەندە بە دیاردی جۆراوجۆری جیمۆرفۆلۆجی جیاواز و سەرنج ڕاکێش وە دەولەمەندی بە هەمە جۆری دار و درەخت و ئاژەڵ و باڵندەی کێوی و بوونی گژوگیای بەهارەی وەکو (گەنگر و کاردی و کوارك...هتد)، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ جۆرە خزمەتگوزارییەکی گەشتوگوزاری بۆ ئەم تاڤگەیە نەکراوە کە دەتوانرێت سوودی زۆری لێ ببینرێت بۆ پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاری لە ناوچەی لێکۆلینەوە وێنەی (٨)

وێنەی (٨) تاڤگەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە



تاڤگەی سیپەی ئاکرێ سەرچاوە: کاری مەیدانی توێژەر (2025/3/5).



تاڤگەی سیپەی بجیل : سەرچاوە کاری مەیدانی توێژەر (2025/7/10)



تاڤگە یی گوندی کوریکا سەرچاوە: کاری مەیدانی توێژەر(2025/4/1)

## چوار : کانیەکان

لە ناوچەی توێژینەوە ساڵانە زیاتر لە (٦٠٠ملم)باران و زیاتر لە (٦٠سم) بەفر دەبارێت(بەڕێوبەرایەتی کەش ناسی ئاکرێ،٢٠٢٥) هەموو ئەمانەش دەبنە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ دەولەمەندبوونی ئاووی ژێر زەوی و دروستبوونی کانی لەسەر زەوی و دەرکەوتنی وەکو دیاردەیەکی جیۆمۆرفۆلۆجی کە بەیەکێك لە توانستە هەر گرنگەکانی گەشتوگوزار دادەنرێت و فاکتەرێکی کاریگەرە بۆ ڕاکێشانی گەشتیار بۆ ناوچەی لێکۆلینەوە، ناوچەی توێژینەوە دەولەمەندە بە بوونی کانیەوەکان لە گرنگترنی کانیەوەکان لە ڕووی گەشتوگوزارەوە ئەمانەی خوارەوەن:

١- **کانی زەرك** : ئەم کانیە دەکەوێتە سەنتەری قەزای ئاکرێ و لە بەشی رۆژهەڵاتی شاری ئاکرێ هەڵکەوتووە، بەرزی(791)لە ئاستی ڕووی دەریا و دەکەوێتە سەر هێڵی درێژی (36°45'31.95")رۆژهەلات و بازنەکانی پانی (43°54'8.82")باکوری گۆی زەوی،

سەرچاوی ئاوی ئەم كانیە لەبەرزاییەكانی (ئاكرێ)سەرچاوە دەگرێت لە ئێستا وەكو هاوینەهەوارێكی خنجیلانە دەردەكەوێت لە پێش كانیە حەوزێك دروستكراوە رووبەری حەوزەكە (40) قولەیەكەی(٢مەترە)،وێنە (١١) ئاوی ئەم كانیە لەلایەن خەڵكی بەكاردێت بۆ چارەسەری نەخۆشی زەردکی ، بۆیە بەهۆی گرنگی ئاوی كانیەكە لە رووی تەندروستیەوە و دەولەمەندی ناوچەكانی دەوروبەری لەرووی دیارە جیۆمۆرفۆلۆجییەكان، دەتوانرێت بكرێت ناوچەیەكی گونجاو بۆ ڕاكێشانی ژمارەیەكی زیاتری گەشتیار بۆ ناوچەیەكی لێكۆلینەوە فاكتەرێكە بۆ جۆراوجۆركردنی جۆرەكانی گەشتوگوزار لە قەزای ئاكرێ(طیب، ٢٠٢٢).

٢- **كانی گوندی كورتكا:** كانی گوندی كورتكا لە باشوری گوندی كورتكا لە سنوری ناحیە دینارتە هەڵكەوتووە دەكەوێتە بەشی ناوەراستی ناوچەی لێكۆڵینەوە ، ئەم كانیە لە بەرزی (٨٥٠ م) لە ئاستی رووی دەریاوەیە و دەكەوێتە سەر هێڵی درێژی (36°49'28.99") رۆژهەڵات و بازنەی پانی (43°49'16.58")باكور، ، بەشێوەیەكی فراوان ئاوی ئەم كانیە لەلایەن خەڵكی ناوچەكە و گەشتیاران بەكاردێت بۆ چارەسەری نەخۆشیەكانی وەكو (زەرك وپێست)چونكە لە ناو ئاوەكە ماددەی كبرێتی تێدایە، ئەم كانیە بەشێوەیەكی هەمیشەیی بوونی هەیە حەوزێكی بۆ دروستكراوە كە درێژی (٦م) و پانی (٤م)ە وێنەی (١١)، ئەم تایبەتمەندییانە كاریگەرییەكی گرنگیان هەیە لە پەرەپێدانی گەشتوگوزاری سروشتی و زانستی، چونكە ڕاكێشان و بینینی كانییەك و دیمەنی جوانی ناوچەكە لەلایەن گەشتیارانەوە سەرنج ڕاكێشە، بەڵام تاوەكو ئێستا بەشێوەیەكی زانستی سوود لەم توانستە گرنگەی گەشتوگوزار لە ناوچەی لێكۆڵینەوە نەبیراوە، بۆیە دەتوانین بلێن، كانی گوندی كورتكا نەك تەنها سەرچاوەی ماددە و ئاوە، بەڵكو بنەمایەكی گرنگە بۆ گەشتوگوزاری زانستی، سروشتی و پزیشكی و پاراستنی ژینگە و تواناكانی ناوچەكە دەگرێتەوە.

وێنەی (١١) وێنەی كانیەكانی ناوچەی لێكۆڵینەوە




وێنەی كانی زەرك لە رێككەوتی 2026/6/8 لەلایەن توێژەر گیراوە



وێنەی كانی گوندی كورتكا لە رێككەوتی (2026/4/1) لە لایەن توێژەر گیراوە.

سەرچاوە كاری توێژەر



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٨

**پێنچەم: ئەشکەوت**

ئەشکەوت بریتییە لە کەلێن یان بۆشاییەکی سروشتیی گەورە لە ناو ناخی زەویدا یان لە نێوان تاشەبەردەکاندا، کە بەهۆی کرداره جیۆلۆجییەکانەوە دروست دەبێت (وەک داماڵینی کیمیایی لە بەردی کلسیدا). لە ڕوانگەی گەشتوگوزارییەوە، ئەشکەوت وەک "مۆزەخانەیەکی سروشتیی داخراو "پێناسە دەکرێت، چونکە بەهایەکی زانستی، مێژوویی و جوانیی بێوێنەی هەیە کە سەرنجی گەشتیاران ڕادەکێشێت، (جودة،2000 .٢٨٥)، هەر لە کونەوە ئەم ئەشکەوتانە وەکو ماڵی یەکەم لە لایەن مروڤ وئاژەلەکان بەکاریان هێناون بۆ مەبەستی پاراستنیان لە گەرماو سەرما، لە ناوچەی توێژینەوەش ژمارەیەکی زۆر لە ئەشکەوتەکان هەن کە گرنگیەکی گەورەیان هەیە لە پەرەپێدانیان بۆ مەبەستی گەشتوگوزار لە ناوچەکە. گرنگترین ئەشکەوتەکانی ناوچەی توێژینەوە بریتین لەمانەی خوارەوە:-

١ – **ئەشکەوتی گوندك:** ئەم ئەشکەوتە دەکەوێتە باکوری گوندی گوندك سەر بەناحیەی سەنتەرە و دەکەوێتە بەشی باکوری رۆژئاوای قەزای ئاکرێ بە دووری (١٥کم) لەسەنتەری قەزای ئاکری دووره دەکەوێتە دامێنی باشوری زنجیرە چیای (ئاکرێ) لەبەرزری (٨٤٥م)لە ئاستی رووی دەریا و دەکەوێتە سەر بازنەی پانی ("22 .43°47'33)باکوری و هێڵی درێژی ("36°22'43.36) رۆژهەڵات ، پانی ئەم ئەشکەوتە (٨) و درێژی (٥٠م) و بەرزی لە نێوان (٢-٥م) وێنەی (١٣)، گەر جی بە یەکێك لە گرنگترین ناوچەی شوێنەواره مێژوویەکانی هەرێمی کوردستان و قەزای ئاکرێ دادەنرێت بەهۆی بوونی سێ نەخشی هەڵکۆلراو کە دەگەڕێتەوە بۆ (٢٥٠٠)ساڵ پێش زاینی، هەریەك لە شوێنەوارناسانی فەرەنسی (فیکتۆر پلاس) لە ساڵی (١٨٥٢) و (لیمان هاویت)ی ئەلمانی لە ساڵی (١٨٩٨) و (دبلیو کنك)ی بەریتانی سەردانی ئەم ئەشکەوتەیان کردووە بۆ کنە و پشکنین بەڵام یەکەم زانا بە ناوی (لایارد) کنە و پشکنینی بۆ ئەشکەوتی گوند کردووە(حسین ،٢٠٠٩: ١٣٥)، بەهۆی گرنگی ئەم ئەشکەوتە دەتوانرێت سوودێکی باشی لێ ببینرێت لە ڕووی گەشتوگوزارییەوە، بەڵام لە ئێستادا هیچ گرنگیەکی پێنەدراوە بێ بەشە لە بوونی خزمەتگوزارییەکانی گەشتیاری وە هیچ ڕێگایەکی فەرمی نییە بۆ ئەوەی سەردانی ئەم ئەشکەوتە بکەیت.


٣-**ئەشکەوتی دڤرێ**: ئەم ئەشکەوتە ناوەکەی لە گوندی (دڤرێ)ی سەر بە ناحیەی دینارتەوە وەرگرتووە و دەکەوێتە بەشی باکووری ناوچەی توێژینەوەلە بەرزی (٨٤٠)لەئاستی رووی دەریاوە و لەسەر بازنەی پانی ("43°35'57.82) باکور و هێڵی درێژی ("36°50'44.73)ی ڕۆژهەڵات هەڵکەوتووە، لە ڕووی تۆپۆگرافییەوە، ئەشکەوتەکە لە بەرزایی (١٠٠٠م)لە ئاستی ڕووی دەریاوە هەڵکەوتووە. ڕەهەندە ئەندازەییەکانی ئەشکەوتەکە پێکهاتوون لە (١٠)پانی، (٥م) درێژی، (٣م) بەرزی، وێنەی (١٣)، لە ڕووی پێکهاتەی نیشتووە بەردینەکانەوە (Speleothems)، ئەشکەوتەکە دەوڵەمەندە بە دیاردەی شۆڕبووەکان (Stalactites) و بەرزبووەکان (Stalagmites) کە لە ئەنجامی نیشتنی ماددە کلسسییەکان دروست بوون. دیوارەکانی ئەشکەوتەکە ئاوێتەیەک لە ڕەنگی سپی و خۆڵەمێشی تاریک نیشان دەدەن، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ هەمەجۆریی کانییە پێکهێنەرەکانی بەردەکە. ئەم تایبەتمەندییە جیۆمۆرفۆلۆجییانە نەک تەنها گرنگییەکی زانستییان بۆ توێژەرانی بواری زەویناسی هەیە، بەڵکو وەک بنەمایەکی سەرەکی بۆ گەشتوگوزاری ژینگەیی (Eco-tourism) لە ناوچەکەدا ئەژمار دەکرێن بەڵام تا ئێستا هیچ جۆره خزمەتگوزارییەکی گەشتیار بۆ نەبردراوە..

**٤ – ئەشکەوتی گەورە:** ئەشکەوتی گەورە دەکەوێتە گوندی خەردس، بە دووری (١١ کم) لە سەنتەری قەزای ئاکرێ و بە بەرزی (٧٧٠ مەتر) لە ئاستی ڕووی دەریاوە و لەسەر بازنەی پانی ("43°49'43.92) باکور و هێڵی درێژی ("36°47'26.71) ڕۆژهەڵات هەڵکەوتووە، فراوانەکانییەوە (١٥م درێژی، ١٠م پانی، ١٥م بەرزی). ئەم ناوچەیە سەرەڕای دەوڵەمەندیی مێژوویی بەهۆی بوونی چەندین شوێنەواری تر وە ناوبانگی لە ڕووی بەرهەمە کشتوکاڵی و میوە هەمەجۆرەکانەوە، بەڵام تا ئێستا لە ڕووی گەشتوگوزارییەوە پشتگوێ خراوە بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان و ئاوڕنەدانەوەی لایەنە پەیوەندیدارەکان وایکردووە ئەم سامانە سروشتی و مێژوویە بێبەش بێت لە هەر گەشەپێدانێکی گەشتیاری کە شایەنی بێت، بەڵکۆ بۆتە ئێستا پەناگەیەک بۆ خاوەن ئاژەڵەکان و بەکاردەهێنرێت، بۆیە پێویستە ئەم شوێنەوارە لە پەراوێزخران ڕزگار بکرێت و وەک ناوەندێکی گرنگی گەشتیاری و زانستی بناسێنرێت بۆ ئەوەی لە ڕووی گەشتوگوزارە سوودی لێوەربگیرێت. وێنەی (١٣)

وێنەی ژمارە (١٣) ئەشکەوتەکانی ناوچەی لێکۆلینەوە



ئەشکەوتی گوندك ئەم وینەیە لە 2023/3/24 لەلایەن



ئەشکەوتی گەورە ئەم وینەیە لە 2025/3/5 لەلایەن توێژەر





ئەشکەوتی دڤری ئەم وینەیە لە 2025/3/5 لەلایەن توێژەر گیراوە

سەرچاوە: کاری مەیدانی  توێژەر

خشتەی (١) گرنگترین دیارە جیمۆرفۆلۆجییە گەشتوگوزارییەکانی قەزای ئاکرێ

| ژ | ناوی دیاردە | شوێن | بەرزی لە ئاستی ڕووی دەریا | بازنەی پانی | هێڵی درێژ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دۆڵی زەنتا | ناحیەی دینارتە | 473 | 43°58'26.15" | 36°٢٣'٢٢.4٣" |
| ٢ | دۆڵی نیروە | ناحیەی بجیل | 510 | 44°10'43.49" | 36°41'45.41" |




مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٨

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٣ | تاڤگەی سیپە | ناحیةیي ئاکرێ | 774 | 43°53'47.08" | 36°45'13.63" |
| ٤ | تاڤگەی بجیل | ناحیةیي بجیل | 601 | 44° 1'1.96" | 36°43'40.30" |
| ٥ | تاڤگەی کورتکا | ناحیةیي دینارتة | 670 | 43°49'16.58" | 36°49'28.99" |
| ٦ | سیلێ | ناحیةیي دینارتة | 936 | 43°53'45.68" | 36°50'46.90" |
| ٧ | کانی زەرك | سةنتةری ئاکرێ | 876 | 43°54'8.82" | 36°45'31.95" |
| ٨ | کانی کورتکا | ناحیةیي دینارتة | 688 | 43°47'30.82" | 36°48'3.66" |
| ٩ | ئەشکەوتی گوندك | ناحیةیي ئاکرێ | ٨٤٥ | 43°47'33. 22" | 36°22'43.36" |
| ١٠ | ئەشکەوتی دڤریي | ناحیةیي دینارتة | ١٠٠٠ | 43°35'57.82" | 36°50'44.73" |
| ١١ | ئەشکەوتی گەورە | ناحیةیي ئاکرێ | ٧٧٠ | 43°49'43.92" | 36°47'26.71" |
| ١٢ | چیایی سەرِی کەڵی | ناحیةیي ئاکرێ | ١٠١٠ | 43°53'42.46" | 36°45'47.56" |
| ١٣ | چیای سەری سادە | ناحیةیي بجیل | ١٢٤٠ | 43°1'32.82" | 36°45'16.96" |
| ١٤ | چیای پیرس | | ١٣٣٦ | 44°0'16.59" | 36°49'10.83" |

سەرچاوە :- پشت بەست بە نەخشەی ژمارە (٢) و Google earth pro.

نەخشەی (٢)هەڵکەوتەی توانستە جیمۆرفۆلۆجییەکانی قەزای ئاکرێ




سەرچاوە کاری توێژەر پشت بەست بە: ١-حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی پلان دانان ، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستانی عیراق ، بەرێوەبەرایەتی ئاماری دهۆك ، بەشی (GIS)

نەخشەی یەکە کارگێرییەکانی پارێزگای دهۆك .2025 – ٢- دیمی ناوچەی لێکۆلینەوە ٣٠م لە سایتی USGS وەرگیراوە.

**تەوەری سێیەم : تایبەتمەندییە جێۆمۆرفۆلۆجییەکانی قەزای ئاکرێ و گرنگیان لە رووی گەشتیاری و چۆنیەتی پەرەپێدانیان.**

بەرزونزمی ناوچەی لێکۆلینەوە کاریگەری لەسەر جۆراوجۆری شێوەکانی سەر رووی زەوی ناوچەکە هەیە بەجۆری چەندین دیاردەی جێۆمۆرفۆلۆیی وەکو (ئەشکەوت و دۆڵ و تاڤگە و کانی و لوتکەی بەرزوگرد)بوونیان هەیە کە بەشێکن لە توانستە سروشتیەکانی گەشتوگوزار هەموو ئەمانەش رۆڵیان هەیە لە راکێشانی سەرنجی گەشتیاران بەوەی فاکتەرێکن بۆ ئاسوودەی دەروونی مرۆڤ چەنکە مرۆڤ هەمیشە حەز و خولیای بینینی دیمەنی جۆراوجۆری هەیە هەر یەك لەم دیاردانەی ئاماژەمان پێکرد گرنگیەکی تایبەتی گەشتیاری هەیە و جیا دەکرێتەوە لە دیاردەکانی تر بۆیە هەر یەکێك لەم دیاردانە بە گرنگ دادەنرێن لە جولەی گەشتیاری ناوخۆیی و دەرەکیدا، دەکرێت بلێین ئەم هەمەچەشنی و گۆڕانکارییە لە تایبەتمەندییە جیۆمۆرفۆلۆجییەکانی قەزای ئاکرێ یەکێکە لە گرنگترین توانا و پێکهاتە سروشتییەکان کە هێز و سەرنجڕاکێشی گەشتیار زیاد دەکات و دەبێتە شوێنێکی گەشتیاری گرنگ بۆ گەشتیاران، بەم شێوەی خوارەوە تیشك دەخەینە سەر تایبەتمەندییە جێۆمۆرفۆلۆجییەکانی قەزای ئاکرێ و گرنگیان لە رووی گەشتیاری و چۆنیەتی پەرەپێدانیان:

**یەکەم: چیاکان**

لوتکەیی بەرزای چیایەکان یەکێکن لە سەرنجراکێشترین و سەرسوورهێنەرترین تایبەتمەندییەکانی جیۆمۆرفۆلۆجیەکان کە گرنگیەکی تایبەتیان هەیە لە رووی گەشتیارییەوە رۆڵیان هەیە لە راکێشانی گەشتیار بەو پێیەی گەشتیار هەمیشە چێژ لەبەرزاییەکان وەردەگرێت، ناوچەی لێکۆلینەوە خاوەنی چەندین لوتکەی چیای بەرزە وەکو لوتکەی بەزاییەکانی (پیرس و سەری سادا)کە دەتوانرێت لە بواری گەشەپێدانی گەشتوگوزار تیشك بخرێتە سەری و گرنگیان پێبدرێت و لەوەرزە جیا جیاکانی ساڵدا سوودی لێوەربگیرێت بۆ راکێشانی سەرنجی گەشتیار بەجۆرێك لە وەرزی هاوین بەهۆی ئەوەی پلەی گەرمییان نزمترە دەتوانرێت بۆ گەشتی شاخەوانی و پیاسەکردن و یاری سەرکێشی بەکاربێت و لەوەرزی زستانیش بەفری لێدەبارێت و دیمەنێکی جوان دروست دەبێت دەتوانرێت سوودی لێوەرگیرێت بۆ مەبەستی دروستکردنی پرۆژەی گەشتیار و یاری خلیسکانێ سەربەفر و وێنەگرتن لە ناو دیمەنە جوان و سەرنج راکێشەکەی ، بەڵام تاوەکو ئێستا لە ناوچەی لێکۆلینەوە سوود لەم توانستە گەشتوگوزارییە وەرنەگیراوە، بەڵکو بە گەیاندنی خزمەتگوزارییە گەشتوگوزارییەکان دەتوانرێت سوود لەم لوتکە بەرزاییەکانی ناوچەی لێکۆلینەوە ببینرێت و ببنە ناوەندێکی گرنگی گەشتیاری قەزای ئاکرێ.

**دووەم: دۆلەکان**

دۆلەکان بەبەشێکی گرنگی کەرتی گەشتیاری ناوچەی لێکۆلینەوە دادەنرێت ئەمەش بەهۆی دەولەمەندی دۆلەکان بە توانستە جۆراوجۆرەکانی گەشتیاری بارودۆخی ژینگەی تایبەت بەخۆی هەیە و خاوەنی دیمەنی سەرنج راکێشن بۆگەشتیاران و رۆڵ وکاریگەری زۆریان هەیە لە راکێشانی زۆرترین ژمارەی گەشتیار چونکە گەشتیاران حەز بە جۆراوجۆری شێوەکانی رووی

زەوی دەکەن و وە ژینگەکەی لەبارە بۆ ئەنجامدانی چالاکی هەمەجۆری گەشتیاری، لە گرنگترین تایبەتمەندیی دۆلەکان ناوچەی لێکۆلینەوە بریتین لە:

- چڕی و جۆراوجۆری داری دۆلەکان: دۆلەکانی ناوچەی لێکۆلینەوە دەولەمەندن بە جۆراوجۆری دارەکان وەکو (داری بەڕو ، داری کوێز ، داری قەزوان وسنەوبەرە وکاژ )ئەمانە دیمەنێکی جوانیان بەدرێژایی دۆلەکان بەخشیووە و بوونەتە فاکتەرێکی کاریگەر بۆ ڕاکێشانی گەشتیاران بە تایبەت لە هەرسێ وەرزەکانی بەهار و هاوین و پایز کە هەندێك جار گەشتیاران وەکو کەپری سروشتی بەکاردێنن و لەژێر سێبەرەکانیان دادەنیشن و سەرەڕای ئەوەی بۆنەتە لانەیەکی گرنگ بۆ باڵندەکان و ئاژەلەکان ئەمەش دووبارە دەبێتە خالێکی تری گرنگ بۆ سەرنج راکێشانی گەشتیاران یە تایبەت ئەوانەی حەزوخولییای بینی ئاژەڵ و باڵندەی کێویان هەیە لە گرنگترین جۆری ئاژەڵ وباڵندەی کێوی لە دۆلەکانی (زەنتا و نیرۆە) بریتین لە (هەلۆ ، کەو ، سمۆرە ، مامز، سووسك، دار کونکەر ، کەروێشك).
- بوونی شێوەی جۆراوجۆری دیاردەی جیۆمۆفۆلۆجی لە دۆلەکانی ناوچەی لێکۆلینەوە وەکو بوونی (ئەشکەوت و لوتکەی بەرز و پلەی لێژی (مامناوەند و زۆر) وکانی و رووبار و تاڤگە)هەموو ئەم تایبەتمەندییانە لە دۆلەکانی (دۆڵی زەنتا و دۆڵی نیروە ودوپرێ) بوونی هەیە ئەمەش دەبێتە فاکتەرێکی گرنگی بۆ دەستەبەرکردنی ژینگەیەکی گونجاو بۆ ئەنجامدانی چەندین چالاکی گەشتیاری وەکو ئەنجامدانی گەشتوگوزاری شاخەوانی و مانەوەی لە ئەشکەوتەکان و سەرکێشی سەرکەوتن بەسەر شاخەکان و دروستکردنی تەلەفریك و دروستکردنی حەوزی مەلەوانی و دروستکردنی شوێنی تایبەت بە یارییەکانی ئاوی.

بەهۆی ئەو تایبەتمەندییە گرنگانەی لە دۆلەکانی ناوچەی لێکۆلینەوە بوونیان هەیە تا ڕادەیەك سوودیان لێوەرگیراو و خراونەتە خزمەت کەرتی گەشتیاری قەزای ئاکری وەکو دۆلێ (گەلی زەنتە دۆلێ نیرۆە) هاوینەهەوای لێ دروستکراوە بۆتە سەرچاوەیەکی گرنگی ئابووری و ڕەخساندنی هەلی کار بۆ خەلکی ناوچەکان ، بەلام هیچ سوود لە دۆلەکانی ( نێروە ودوپرێ) نەبیراوە ئەمەش بەهۆی بوونی چەندین گرفتی وەکو نەبوونی تۆرەکانی رێگاوبان و نەبوونی خزمەتگوزارییەکانی وەکو (کەپر و چێشتخانە و مزگەوت و بنکەی تەندروستی و بنکەی ئاگرکوژێنەوە هێلەکانی پەیوەندی...هتد) ، بۆ پەرەپێدانی دۆلەکانی ناوچەی لێکۆلینەوە و چارەسەرکردنی گرفتەکان دەبێت کاربکرێت لەسەر دروستکردن و فراوان کردنی تۆرەکانی ڕێگاوبان و گەیاندنی خزمەتگوزارییە جۆراو جۆرەکانی گەشتیاران و دروستکردنی چەندین یاری وەکو ( وەکو شاری یاری و ئەکواپارك و تەلەفریك...هتد ) بە ئامانجی ئەوەی ببێتە ناوەندێکی گرنگی گەشتیارای ناوچەی لێکۆلینەوە.

**سێیەم: تاڤگەکان:**

تاڤگەکان بە یەکێك لە گرنگترین دیاردە جیۆمۆفۆلۆجییەکانی ناوچەی لێکۆلینەوە دادەنرێن و ڕۆل و کاریگەرییەکی بەهێزیان هەیە بۆ ڕاکێشانی گەشتیار ، کاریگەری تاڤگەکان لەسەر چالاکییەکانی گەشتیاری لە چەندین لایەنەوەیە بەجۆرێك تاڤگەکان دەبنە هۆی ئارامبەخشی و کەمکردنەوەی فشارە دەروونییەکان. گەشتیاران دەتوانن لە دەوروبەری تاڤگەکان ئارام بگرن و دۆخێکی ئارامبەخشدا بەسەر بەرن ، تاڤگەکان شوێنی گەشتیاری وێنەگرتن و هونەرین،

گەشتیاران و هونەرمەندان زۆرجار سەردانی ئەم شوێنانە دەکەن بۆ وێنەگرتن و دروستکردنی هونەری سروشتی و تۆمارکردنی فلیم و دیکۆمێنتاری و کلیپی هونەری.) ، لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی تاڤگەکانی ناوچەی لێکۆلینەوە بریتین لەمانەی خوارەوە:

- جیاوازی دیمەنی سەرنج ڕاکێشی تاڤگەکان ، تاڤگەکانی ناوچەی لێکۆلینەوە دیمەنێکی جوان سەرنج ڕاکێشان هەیە بەهۆی هاتە خوارەوە ئاوەکان لە قەد پاڵی شاخەکان ، ئەم تێکەڵەیە لە سروشت و ئاو وایان لێدەکات ببنە شوێنێکی سەرنجڕاکێش بۆ گەشتیاران، ڕووناکی و دەنگە بەهێزەکەی تاڤگەکان هەستێکی نایاب و ئارامبەخش بۆ گەشتیاران دەڕەخسێنێت.
- هەڵکەوتەی تاڤگەکان : تاڤگەکان ناوچەی لێکۆلینەوە لە شوێن ئالۆز و سەخت نین دەتوانرێت بە ئاسانی بگەیتە نزیك ئەم تاڤگانە ئەمەش بە خالێکی گرنگ دەدانرێت بۆ ئەوەی هەموو کەسێك بەبێ گرفت بگاتە شوێنی ئەم تاڤگانە و چێژ لە جوان سروشتی تاڤگە و ناوچەکە ببینێت وەکو تاڤگەی بجیل و سیپەی ئاکرێ وکورتکا وسیلێ.
- تاڤگەکانی ناوچەی لێکۆلینەوە لە سروشتێکی جوان هەڵکەوتون کە دەورەدراون بە شاخ و داری بەرزی وەکو (بەڕو چنارو هەنارو میو وهەنجیر و کوێز) ئەمەش ژینگەیەش سەرنجی گەشتیارانی سروشتی ڕادەکێشێت.
- پلەی گەرمی : پلەی گەرمی لە ناوچەی تاڤگەکانی قەزای ئاکرێ لە مانگەکانی ( - - ) بریتیە ( - - ) یەك بەدوای یەکدا، ئەمەش بە تایبەتمەندییەکی گرنگی تاڤگەکانی ناوچەی لێکۆلینەوە دادەنرێت و خالێکی یارمەتی دەرە کەزۆرترین گەشتیار سەردانی ئەم ناوچەیە بکەن بە تایبەت گەشتیارانی ناوەراست و باشوری عیراق ، کە لە وەرزی هاوین پلەی گەرمی لەو ناوچانە دەگاتە نزیك (٥٠)پلەی سەدی.

لە ناوچەی لێکۆلینەوە تا ئاستێکی سەرەتایی سوود لە تاڤگەکان (سیپەی ئاکری و سیپەی بجیل) وەرگیراوە لە روی گەشتیارایەوە بە تایبەت لە وەرزی هاوین ساڵانە نزیکەی (%٨٥)گەشیارانی قەزای ئاکرێ سەردانی ئەم تاڤگانە دەکەن بەمەبەستی بینینی دیمەنی جوانی تاڤگەکان و چێژ وەرگرتن لە کەشە فێنکەکەی(بەرێوبەرایەتی گەشتوگوزاری قەزای ئاکرێ،٢٠٢٦)، سوود و بەکارهێنانێکی ئابوریانە لە تاڤگەی کورتکا و سیلێ وەرنەگرتووە لە بەر نەبوونی خزمەتگوزیەکانی سەرەتایی وەکو نەبوونی رێگاوبان و کەپر و شوێنی مانەوە.

بۆ پەرەپێدانی تاڤگەکانی ناوچەی لێکۆلینەوە گرنگە کار لەسەر ئەم خالانەی خوارەوە بکرێت بە ئامانجی ئەوەی زۆرترین ژمارەی گەشتیار سەردانی ئەم ناوچەیە بکەن و کاتی زیاتر لە قەزای ئاکرێ بمێنەوە:

أ. ڕێگەوبان و ڕێگەی گەشتیاری: دروستکردنی ڕێگەوبان و ڕێگەی ئاسان بۆ گەشتیاران بۆ گەیشتن بە تاڤگەکان.

ب. شوێنی پشوودان و خزمەتگوزاری: دابینکردنی شوێنی پشوودان، تەوالێت، و خزمەتگوزارییەکانی وەک خواردن و خەوتن لە نزیک تاڤگەکان.

ت. ڕێنمایی و زانیاری: دابینکردنی تابلۆ و زانیاری بۆ گەشتیاران لەسەر شوێنەکە و ڕێگەکانی گەشتکردن.

ث. ئەنجامدانی چالاكی وەرزشی لە نزیك تاڤگەكان: و دروستكردنی مەلەوانگە و ئەكوپاركی و شەپۆلی ئاوی دەستكرد وكردنەوەی خولی جۆراوجۆری یاریيە ئاوییەكان.

ج. دروستكردنی شانۆی تایبەت بە سەیركردنی جولە و نمایشی ماسی دۆلفین لە نزیك تاڤگەكان.وێنەی(١٦)

وێنەی (١٦) نموونەیەكی پێشنارکراو لە نزیك تاڤگەكانی قەزای ئاكرێ



سەرچاوە : ماڵپەری ئەنتەرنێتی ChatGPT ، ڕێككەوتی ٢٠٢٥/٢/١٨.

ح. بەبازاڕكردنی ناوچەكە: بەكارهێنانی ڕاگەیاندن و پلاتفۆرمەكانی میدیا بۆ بازاڕكردنی تاڤگەكان و ناوچەكە، ڕیكلامكردن لەسەر ئینتەرنێت: دروستكردنی ماڵپەڕ و پەڕەی كۆمەڵایەتی بۆ ناوچەكە و بلاوكردنەوەی وێنە و ڤیدیۆ لەسەر جوانی و سەرنجڕاكێشییەكانی تاڤگەكان.

خ. دابینكردنی ئاسایش بۆ گەشتیاران، دابینكردنی خزمەتگوزارییەكانی فریاكەوتن و یارمەتیدانی گەشتیاران لە كاتی پێویست، دامەزراندنی بنكەی ئاگر كوژێنەوە.

د. دابینكردنی شوێنی كەمپكردن: دابینكردنی شوێنی كەمپكردن بۆ گەشتیارانی كە دەیانەوێت لە ژینگەیەكی سروشتی پشوو بدەن.

پەرەپێدانی ناوچەی تاڤگەكان لە ڕووی گەشتیارییەوە پێویستی بە پلانێكی ڕێكخراو و گونجاو هەیە. ئەمە دەتوانێت هەموو لایەنەكانی گەشتیاری لەخۆبگرێت، لە پاراستنی سروشتەوە تا دابینكردنی خزمەتگوزارییەكانی پێویست، بە جێبەجێكردنی ئەم هەنگاوانە، دەتوانرێت ناوچەی تاڤگەكان بكرێتە ناوەندێكی گرنگی گەشتیاری و سەرچاوەیەكی داهات بۆ خەڵكی ناوچەی لێكۆلینەوە.

**چوارەم : كانی سروشتی:**

دەرامەتی ئاو گرنگی و بایەخێكی زۆریان هەیە لە چالاكییەكانی كەرتی گەشتوگوزار و بە توانستێكی كاریگەر دادەنرێت بۆ گەشەپێدانی كەرتی گەشتیار كە بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە كەرتی گەشتیارییەوە هەیە بەشێوەی ڕاستەوخۆ بەشێك لە چالاكییەكانی گەشتیار ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بە بوونی ئاو وەكو (مەلەكردن ، خلیسكانی سەرئاو ، گیران بە ناودا بە بەلەم، وەرزشی سەولێدان) و بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ كاریگەری سامانی ئاوە لەسەر دروستكردنی سروشتی جوان و گەشانەوە ڕووەك و داروبار و سەرچاوەی بەرهەم هێنانی بەرهەمە كشتوكاڵ و پیشەسازییەكانە كە پێداویستیەكانی كەرتی گەشتیاری

دابیندەکات.، یەکێك لە سەرچاوەکانی ئاو بریتیە لە کانییەکانە کە بە توانستێکی گرنگی چالاکی گەشتیاری دادەنرێت وە دەتوانرێت کانییەکان بکرێنە ناوەندێکی گرنگ بۆ ڕاکێشانی گەشتیار بۆ ناوچەی لێکۆلینەوە، بەتایبەتی ئەگەر ئەو شوێنانە تایبەتمەندییەکانی وەک مێژوویی، کلتوری، سروشتی هەبێت، وەکو کانیەکانی (زەرك و کورتکا ) دەتوانن سەرنجی گەشتیاران بەلای خۆیدا بکێشن یان سوود لە کانیاوە تەندروستیەکان وەربگرێت وەکو ناوەندێکی چارەسەرکردن وەکو هەردوو کانیاوی باسکراون.

سەرباری بوونی چەندین کانی و کانی تەندروستی بەڵام تاوەکو ئێستا وەکو پێویست سوودیان لێوەرنەگیراوە بۆ گەشەپێدانی کەرتی گەشتیاری لە قەزای ئاکرێ ئەمەش بەهۆی بوونی چەندین گرفتی جۆراجۆری وەکو خراپی جۆری ڕێگای گەیشتن بە سەرچاوەی کانییەکان و کەمی و نەبوونی جۆرە خزمەت گوزارییەکان کە پێداویستییەکانی گەشتیار پربکاتەوە وەکو نەبوونی (کەپری گەشتیار ، ریستۆرانت، کافتریا ...هتد)، بۆ ئەوەی کانییەکان ببنە سەرچاوەیەکی گرنگی ڕاکێشانی گەشتیار بۆ ناوچەی لێکۆلینەوە وە پەرەییان پێبدرێت گرنگە کار لەسەر ئەم خالانەی خوارەوە بکرێت:

- ✓ دروستکردنی تۆرەکانی ڕێگاوبانی هەمەجۆری وەکو (قیرتاوکراو – تەلەفریك – پێلیکانێ کارەبایی) بە ئامانجی ئەوەی زۆرترین گەشتیار بگاتە نزیك کانییەکان و چێژ لە جوانی دیمەنی سروشتی ناوچەکە ببێنیت.
- ✓ دروستکردنی ژینگەیەکی ئاسوودە بۆ گەشتیار ئەوەیش لە ڕێگای دابینکردنی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکانی وەکو (شوێنی حەوانەوە و مەلەوانگا و ساردەمەنی و پارك و کافتریا و مزگەوت" توالێت ...هتد).
- ✓ ئەنجامدانی چالاکی جۆراوجۆر یاری ئاوییەکانی وەکو (پێشبرکێی مەلەوانی و نمایشی ناو) و بانگێشتکردنی گروپی و یاریزانانی بەناوبانگی مەولەوانی بە ئامانجی سەرنج ڕاکێشانی گەشتیار بۆ کانییەکانی ناوچەی لێکۆلینەوە.
- ✓ دامەزراندنی بنکەی چارەسەرکردن لە نزیك کانییەوە تەندروستییەکان بە مەبەستی چارەسەرکردنی نەخۆشییە جۆاروجۆرەکان لە ڕێگای ئاوی کانییەکانی ناوچەی لێکۆلینەوە.
- ✓ کاربکرێت بۆ بە بازاڕکردنی و ناساندنی کانییەکانی قەزای ئاکرێ لە ڕێگا جیاوازەکانی ڕاگەیاندنی وەکو تۆڕەکانی کۆمەلایەتی و وێبسایتی گەشتیاری و کەنالەکانی ڕاگەیاندن و بەستنی پەیوەندی لەگەل گروپە گەشتیارییەکان و هاوکاری کردنیان بە ئامانجی هێنانی گەشتیار بۆ ناوچەی لێکۆلینەوە.

### پێنچەم: ئەشکەوتەکان:

ئەشکەوتەکان بە یەکێك لە پێکهاتە سەرەکییەکانی کەرتی گەشتیاری دادەنرێت بەهۆی ئەو تایبەتمەندییە گرنگانەی لە ناوە و دەرەوەی ئەشکەوتەکان بوونیان هەیە و خالێکی گرنگن بۆ گەشەکردنی کەرتی گەشتیار بۆیە لە ئێستا دا ئەشکەوتەکان بوونتە توانستێکی گرنگ بۆ بەشداریکردن لە ڕاکێشانی گەشتیار و بەشداری پێکردنی لە بەهێزکردنی ئابووری ناوخۆی وەلات بۆتە ئامانجێکی گرنگی وەلات و کار لەسەر پەرەپێدانی دەکرێت ئەمەش ئامانج لێی هەمەجەشنکردنی کەرتی گەشتیارییە وە سوود وەرگرتنە لە تایبەتمەندییە سروشیتەکانی رووی



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 8
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

زەویە، بەجۆرێك لەسەر ئاستی جیهان ئەشکەوتەکان بوونەتە هۆی ڕاکێشانی نزیکەی (٢٥٠)ملیۆن گەشتیار و ڕۆڵیان هەبوو لە ڕەخساندنی زیاتر (٢٠٠)هەزار هەلی کاری جۆراوجۆر(امام،حسن، ١٧،٢٠١٦)، ئەمەش دەریدەخات کە ئەشکەوتەکان نەک تەنها شوێنێکی سەرنجڕاکێشن بۆ گەشتیاران، بەڵکو دەبنە هۆکارێک بۆ گەشەپێدانی ئابووری و دابینکردنی هەلی کاری بۆ خەڵکی ناوچەکە.

گرنگی ئەشکەوتەکانی ناوچەی لێکۆلینەوە لە رووی گەشتوگوزارەوە لەچەندین لایەنەوەیە بەم شێوەی خوارەوە:

أ. تایبەتمەندیی شێوە و پێکهاتەکان و ژینگەی ئەشکەوتەکان بوونی ژینگە و کەشێکی ئارام لە ناوچەی هەڵکەوتەی ئەشکەوتەکان خالێکی سەرەکین لە ڕاکێشانی سەرنجی گەشتیاران بۆ ئەشکەوتەکان ، سەرەڕای بوونی دیمەنی سەرنجراکێشی جیهانی ژێر زەوی و بینینی دیمەنی جوانی نێو ئەشکەوتەکان وەکو دیاردەکانی شۆڕبووەکان (Stalactites) و بەرزبووەکان(Stalagmites) وەکو لە ئەشکەوتەکانی (دەڤرێ) بەرووونی دەردەکەون، جگە لە بوونی ڕێرەوی و دەرچەی کارستی و کانی لە نێو ئەشکەوتەکان وەك لە ئەشکەوتی (سیپە)، هەروەها هەندێک لە ئەشکەوتەکان شوێنی ئاژەڵەکانی وەک شەمشەمەکوێرە و باڵندەکانن ئەمەش ڕەهەندێکی ژینگەیی گرنگ بۆ گەشتیاری ئەشکەوتەکان زیاد دەکات، وە بەکارهێنانی ئەشکەوتەکان وەکو شوێنی پشوو بۆ گەشتیارانی شاخ ڕەوی،هەڵکەوتەی شوێنی ئەشکەوتەکان لە ناوچەی شاخاوی کە خاوەن کەشێکی ئارام لە ڕوی بارودۆخی ئاووهەواوە و ناوچەیەکی دەولەمەندە بە بوونی داری هەمەجۆری وەکو ( قەزوان ، بەڕوو، توو، کویژك) و باڵندە و ئاژەڵی کێوی وەکو هەڵکەوتەی ئەشکەوتی (گوندك و دوزادە بار و گەورە )، کە هەموو ئەم تایبەتمەندییانە بەیەکەوە سیمایەکی تایبەت بە ئەشکەوتەکان دەبەخشن کە بەشدار دەبن لە ڕاکێشانی ژمارەیەکی زۆر لە سەردانکەران کە بەدوای ئەزموونێکی گەشتیاریدا دەگەڕێن کە ئارامیی و جوانی سروشتی تێکەڵ بکات.

ب. گرنگی مێژوویی و کولتووری: هەندێک لە ئەشکەوتەکان نووسراو و وێنەکێشانی بەردیان تێدایە کە ڕەنگدانەوەی ژیانی مرۆڤە لە سەردەمی کۆندا، ئەمەش وا دەکات گەشتیاران شارەزایی میراتی کولتووری و مێژوویی ناوچەکانی دەوروبەری بن.، بۆ نموونە لە ئەشکەوتی (گوندك) کە سێ نەخشەی هەڵکۆلراوی ناوازەی تابلۆی بەردینیان تێدایە کە خالێکی یارمەتی دەرە بۆ تێگەیشتن لە ژیانی کۆمەڵایەتی، کولتووری، ئایینی و ئابووری لە سەردەمی پێش مێژوودا نوێنەرایەتی دەکەن، هەروەها نوێنەرایەتی داهێنەری هونەری ئەو گەلە کۆنانە دەکەن کە لەو شوێنانەدا ژیاون. سەرەڕای ئەوەی دەبێت هۆی فێربوون و چێژوەرگرتن و وایان لێدەکات ببێتە شوێنێکی گەشتیاری بۆ زۆرێک لە گەشتیاران کە حەز و خولیان سەرەکیشی و سەردانیکردنی ئەشکەوتەکانە، کەواتە دەتوانرێت ئەشکەوتەکان وەکو ناوەندێکی گرنگی شوێنەواری بخرێتە خزمەت کەرتی گەشتیاری لە ناوچەی لێکۆلینەوە.

سەرەڕای بوونی ئەم تایبەتمەندە گرنگانەی لەئەشکەوتەکانی ناوچەی لێکۆلینەوە، بەڵام بەدەر نین لە بوونی چەندین گرفتی جۆراوجۆر وەکو نەبوونی خزمەتگوزای سەرخان و ژێرخانی

ئابووری کە بۆنەتە ئاستەنگ لەبەردەم ئەوەی ئەشکەوتەکان ببنە سەرچاوەیەکی گرنگی کەرتی کەشتیاری لە قەزای ئاکرێ ، لە گرنگترین گرفتەکان بریتین:

١. نەبوونی تۆڕەکانی ڕێگاوبان: بەیەکێك لە گرفتە سەرەکیەکانی دادەنرێت بۆ گەیشت بە ئەشکەوتەکانی ناوچەی لێکۆلینەوە بۆیە گەیشتنی بە ئەشکەوتەکان ئالۆزو سەختە بۆ گەشتیاران.
٢. ئەنجامنەدانی کنە و پشکنین بۆ بەشێکی لە ئەشکەوتەکانی ناوچەی لێکۆلینەوە، و تەرخان نەکردنی بودجەی تایبەت بە ئەنجامدانی کنە و پشکنێن بۆ ئەشکەوتەکان و دەرخستنی مێژوو گرنگی ئەشکەوتەکان بۆ گەشتیاران.
٣. لاوازی بواری راگەیاندن نەبوونی رێبەرێکی تایبەتی ئەشکەوتەکان و نەبوونی داتابەیسێکی تایبەت بە ژمارە و هەڵکەوتەی شوێنی ئەشکەوتەکان لە قەزای ئاکرێ.

بۆ پەرەپێدانی ئەشکەوتەکانی ناوچەی لێکۆلینەوە گرنگە کاربکرێت لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە بە ئامانجی پەرەپێدانی زیاتری ئەشکەوتەکان بۆ ئەوەی ببێتە سەرچاوەیەکی گرنگی کەرتی گەشتیاری لە قەزای ئاکرێ:

١. ئەنجامدانی کنە و پشکنین بە شێوەیەکی ئەکادیمی بۆ ئەشکەوتەکان و دروستکردنی تابلۆی زانیاری ئەشەکەوتەکان و هەڵواسینی لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان و دروستکردنی رێبەری تایبەت بە ئەشکەوتەکانی ناوچەی لێکۆلینەوە و دابەشکردنی بەسەر گەشتیاران لە دەروازەی هاتنە ناوچەی لێکۆلینەوە و دروستکردنی کورت ڤیدیۆ لەسەر ئەشکەوتەکان و بلاوکردنەوەیان لە تۆڕەکانی کۆمەلایەتی و تەلەفزیۆن...هتد.
٢. گەیاندنی رێگای جۆراوجۆر وەکو (ئۆتۆمبێل – پلیکانێ – پردی هەلواسراو - تلفریك) بە پێی سروشتی هەڵکەوتەی ئەشکەوتەکان بە ئامانجی ئاسان گەیشتنی گەشتیار بۆ بینینی ئەشکەوتەکان.
٣. ئەنجامدانی چالاکی نەتەوەی و ناوچەیی لە نزیك ئەشکەوتەکان و رێکخستنی گەشتی زانستی بۆ قوتابیانی قوتابخانە و زانکۆکان بۆ ئەشکەوتەکان بە ئامانجی ناساندنی زیاتری ئەشکەوتەکانی ناوچەی لێکۆلینەوە و گۆرێنی ئەشکەوتەکان بۆ مۆزەخانە و کافتریا و ریستۆرانت هەموو ئەمانە دەبنە فاکتەرێکی بۆ سەرنج راکێشانی گەشتیاران بۆ ئەشکەوتەکانی قەزای ئاکرێ.
٤. گرنگە گروپە و کۆمپانیا گەشتیارەکان ئەشکەوتەکانی ناوچەی لێکۆلینەوە بخەنە ناو بەرنامەی گەشتەکانیان و بلاوکردنەوەی هۆشیاری گەشتوگوزاری لە نێوان دانیشتوان و باسکردنی گرنگی ئەشکەوتەکان لە رووی گەشتوگوزارییەوە ، دابین کردنی خزمەتگوزای سەرخان و ژێرخانی ئابووری لە ناوچەی لێکۆلینەوە.

**ئەنجام :**

١ .قەزای ئاکرێ بەهۆی هەڵکەوتەی لە ناوچەی شاخاوی و نیمچە شاخاوی، خاوەنی توانستی گرنگی گەشتوگوزاری جیۆمۆرفۆلۆجییەکانە وەک چیاکانی (سەری ئاکرێ، سەرێ کەڵێ، پیرس و سادا) و دۆڵەکانی (زنتا، نێروە و دوپرێ). ئەم هەمەجۆرییە خاڵی بەهێزی بە ناوچەکە بەخشیوە بۆ پەرەپێدانی چەندین جۆری گەشتوگوزار (شاخەوانی، ژینگەیی و سەرکێشی).

٢ .دەوڵەمەندی بە سەرچاوە ئاوییەکان (تاڤگەکانی سیپەی ئاکرێ، بجیل، کورتکا و سیلێ) شانبەشانی کانییەکان، توانستێکی گرنگی ڕاکێشانی گەشتیارن، بەڵام سەرەڕای هاتنی هەزاران گەشتیار بۆ تاڤگەی سیپەی ئاکرێ و بجیل، خزمەتگوزارییەکان لە ئاستی پێویستدا نین و وەبەرهێنانی زانستییان تێدا نەکراوە بۆ ئەوەی لە سەیرانی وەرزییەوە بگۆڕدرێن بۆ گەشتوگوزاری هەمیشەیی.

٣ .بوونی چەندین ئەشکەوتی وەکو (گوندك و دڤرێ و ئەشکەوتی گەورە) کە دەوڵەمەندن بە نەخشە مێژووی و نیشتووی بەردین و کە سەرچاوەیەکی گرنگن بۆ گەشەپێدانی کەرتی گەشتیاری لە قەزای ئاکرێ بەڵام تاوەکو ئێستا بێ بەشە لە کنە و پشکنینی و نەبوونی ڕێگای قیرتاوکرا وە نەنناساندنیان وەکو پێوست.

٤ .خراپی ئاستی خزمەتگوزارییەکان بۆ نموونە دۆڵی (دوپرێ و نێروە) یان تاڤگەی (سیلێ وکورتکا) سەرەڕای دڵرفێنییان، بەهۆی نەبوونی ڕێگای قیرتاوکراو، کەپر، و چێشتخانە، گەشتیار ناتوانێت کاتی زیاتریان تێدا بەسەر ببات، ئەمەش داهاتی گەشتیاریی ناوچەکەی سنووردار کردووە.

٥. ساڵانە لەزنجیرە چیای پیرس زیاتر لە (٥٠سم)، بەفر دەبارێت ئەمەش گونجاوترین ناوچەیە بۆ گەشتوگوزاری زستانە. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی قەزای ئاکرێ کە تەنها پشت بە گەشتوگوزاری هاوینە و نەورۆز نەبەستێت، بەڵکو لە زستانیشدا ببێتە ناوەندێکی ڕاکێشانی گەشتیارانی ناوەڕاست و باشووری عێراق.

**پێشنیار :**

١. کاربکرێت لەسەر گەیاندنی جۆرەکانی ڕێگای (قیرتاوکراو ،تەلەفریك، پلیکانێ کارەبایی...هتد)بۆ سەر چیای پیرس و چیای سەرێ کەڵی بۆ گەیشتن بە ناوچە گەشتوگوزارییەکان بە پێی پێویستی شوێنە گەشتوگوزارییەکانی قەزای ئاکرێ.

٢. ناساندنی ئەشکەوتی گوندك وەک مۆزەخانەیەکی کراوەی شوێنەواری بناسێنرێت و پارێزگاری لە نەخشەکانی بکرێت، هەروەها پێویستە ڕێگری بکرێت لە بەکارهێنانی ئەشکەوتەکان بۆ مەبەستی ئاژەڵداری و گۆڕینیان بۆ ناوەندی گەشتیاری و کولتووری (وەک مۆزەخانە یان کافتریای ناو ئەشکەوت).

٣. سوودوەرگرتن لە بەفربارینی چیاکانی (پیرس و سادا) بۆ دروستکردنی یاریگای خلیسکانی سەر بەفر، و بنیاتنانی بنکەی چارەسەری سروشتی لە نزیک کانییەکانی وەک (کانی کورتکا) بەهۆی هەبوونی ماددەی کبریت، بۆ ئەوەی گەشتوگوزار لە ئاکرێ تەنها لە وەرزی هاویندا قەتیس نەمێنێت.

٤. پێویستە لە نزیک تاڤگەکانی (سیپەی ئاکرێ، بجیل و سیلێ) خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی وەک (کەپری گەشتیاری مۆدێرن، چێشتخانە، مزگەوت و شوێنی وێنەگرتن) دابین بکرێن بە شێوەیەک کە لەگەڵ ژینگەی ناوچەکەدا بگونجێن و سیمای سروشتیی شوێنەکە تێکنەدەن.

٥. دروستکردنی ڕێبەری گەشتیاریی دیجیتاڵی و نەخشەی جوگرافی بۆ قەزای ئاکرێ کە هەموو دیاردە جیۆمۆرفۆلۆجییەکان بناسێنێت، هەروەها ئەنجامدانی خولی هۆشیاری بۆ دانیشتووانی ناوچەکە لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ گەشتیاران و پاراستنی پاکوخاوێنی ژینگەی ناوچە گەشتیارییەکان.

**ليستى سەرچاوە**


- الزوكة، محمد خميس،(٢٠٠٤)،جغرافية السياحة، الإسكندرية، مصر: دار المعرفة الجامعية.
- جودة، جودة حسنين،(٢٠٠٠)، الجيومورفولوجيا: دراسة الأشكال الأرضية، الإسكندرية: دار المعرفة الجامعية.
- السعدي، سعدي محمد صالح، (٢٠١٤)، جغرافية السياحة والترويح، عمان، الأردن: دار اليازوري العلمية للنشر والتوزيع.
- حسين، بهزاد حلمي، (٢٠٠٩). الإمكانات الجغرافية السياحية في قضاء (ئاكرێ) دراسة في جغرافية السياحية (رسالة ماجستير غير منشورة)، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين.
- إمام، محمد سيد، وحسن، يحيى شحاتة. (٢٠١٦)، تنمية سياحة الكهوف في مصر (دراسة مقارنة). مجلة البحوث السياحية.
- تەيب، هلكفت صادق. (٢٠٢٢). شرۆڤەكرنا جهەكى بۆ ساخلەتێن ئاڤا ژێر عەردی ل دەشتا باشوری ئاكری و وەبەرهێناناوی (نامەی ماستەر). زانکۆی دهۆک.
- عەبدولهادی، نیچیرڤان خیرالدین، و عومەر، لوقمان وسو، و عەلی، نەوشیروان داود. (٢٠٢٤). هەڵسەنگاندنی جوگرافی بۆ شوێنەوارە مێژووی و ئایینیە گەشتوگوزارییەکانی قەزای ئاكرێ و چۆنیەتی پەرەپێدانیان. گۆڤاری لوبنانی فەرەنسی، (٤).
- غەنی، عەبدولخالق عەلی. (٢٠٢١). جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق (چاپی یەکەم). تاران: چاپخانەی تاران.
- حکوومەتی هەرێمی کوردستان. (٢٠١٥). نەخشەی گشتی قەزای ئاكرێ (بەشی GIS). دهۆک: بەڕێوەبەرایەتی ئاماری دهۆک، دەستەی ئاماری هەرێم، وەزارەتی پلاندانان.
- حکوومەتی هەرێمی کوردستان. (٢٠٢٥). داتاکانی گەشتوگوزار. بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری قەزای ئاكرێ، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار.
- حکوومەتی هەرێمی کوردستان. (٢٠٢٥). داتایێن داباریێ (داتایێن نەبەلاڤکری ٢٠٢٤-٢٠٢٥). هوبا کێشناسی، ڕێڤەبەریا کێشناسی و چاڤدێریا پێڤەلەرزا، وەزارەتا ڤەگوهاستن و گەهاندن.
- سەردانی مەیدانی لەم ڕێککەوتانە ئەنجامدراوە (٢٠٢٥/٣/٢٤)(٢٠٢٥/٣/٥)(٢٠٢٥/٣/١٧)(٢٠٢٥/٤/١)(٢٠٢٥/٥/٣)(٢٠٢٥/٥/٥)(٢٠٢٥/٧/١٠)(٢٠٢٦/١/٥)(٢٠٢٦/٦/٨٢).

List of sources

•Al-Zuka, Mohammed Khamis, (2004), Geography of Tourism, Alexandria, Egypt: University of Knowledge.

•Judah, Judah Hassanin, (2000), Geomorphology: The Study of Earth Shapes, Alexandria: University of Knowledge.

•Al-Saadi, Saadi Mohammed Saleh, (2014), Geography of Tourism and Tourism, Oman, Jordan: Dar Al-Yazouri Scientific Publishing and Distribution.

•Hussein, Behzad Helmi, (2009). Tourism Geography Facilities in the District (Akre) Study in Tourism Geography (Unpublished Master's Thesis), Faculty of Arts, Salahuddin University.

•Imam, Mohammed Sayed, Hassan, Yahya Shahata. (2016), Cave Tourism Development in Egypt (Comparative Study). Tourist Research Magazine.

•Tayeb, Halkft Sadiq. (2022). Spatial analysis of groundwater health in the southern plain of Akri and investment (Master's thesis). University of Duhok.

•Abdulhadi, Nichirvan Khairuddin, and Omar, Luqman Wasu, and Ali, Nusrewan Daud. (2024). Geographical assessment of historical and religious tourism monuments of Akre district and how to develop them. French Lebanese Journal, (4.(

•Ghani, Abdulkhaliq Ali. (2021). Geography of the Iraqi Kurdistan Region (1st edition). Tehran: Tehran Printing House.

•Kurdistan Regional Government. (2015). General Map of Akre District (GIS Department). Duhok: Duhok Statistical Directorate, Regional Statistical Board, Ministry of Planning.

•Kurdistan Regional Government. (2025). Tourism data. Akre District Tourism Directorate, Ministry of Municipalities and Tourism.

•Kurdistan Regional Government. (2025). Precipitation data (unpublished data 2024-2025). Meteorological Department, Directorate of Meteorology and Earthquake Monitoring, Ministry of Transportation.

•Field visits were conducted on the following dates (24/3/2025)(5/3/2025)(17/3/2025)(1/4/2025)(3/5/2025)(5/5/2025)(10/7/2025)(5/1/2026)(8/6/22026